د. کاوس قەفتان

چەند لێکۆڵینەوەیەک
لە مێژووی

بابان ..
سۆران ..
بۆتان

د. کەمال مەزهەر ئەحمەد
پێشەکیی بۆ نووسیوە

بەیارمەتیی کاک عەلی بۆسکانی لەچاپدراوە

د. کاوس قەفتان

چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی

بابان..

سۆران..

بۆتان

د. کەمال مەزهەر ئەحمەد

پێشەکیی بۆ نووسیوە

بەیارمەتیی کاک عەلی بۆسکانی لەچاپدراوە

چاپخانەی الحوادث ـ بەغدا
١٩٨٥

پێشەکی

دوکتۆر کەمال مەزهەر

شوێنی سەدەی نۆزدەمین لە مێژووی گەلی کوردو هەموو گەلانی ڕۆژهەڵاتی نزیك‌و ناوەڕاستدا تایبەتی‌یە • لەو سەدەیەدا ناوچەکە بەتەواوەتی تێکەڵی بازاڕی سەرمایەداری بوو • ئەو تێکەڵبوونە گەلێك ئەنجامی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و دیارە سیاسی‌ی بایەخداری لەگەڵ خۆی هێنا • لەناو گەلانی ڕۆژهەڵاتی نزیك‌و ناوەڕاستدا چین‌و دەستەی نوێ دروستبوون کە بە بیروباوەڕی تایبەتی‌ی خۆیانەوە هاتنە ناو کۆڕی خەباتەوە • پێوەندی دەرەبەگی زیاتر لە جاران بووە بارو ئەرك بەسەر شانی کۆمەڵانی خەڵکەوە ، بەتایبەتی دوای ئەوەی بەرهەم‌هێنان بۆ بازاڕ بووە هۆی پوکانەوەی خێرای ئەو پێوەندی‌ی باوکایەتی‌یەی جاران ئاغاو بەگ‌و سەرەك هۆزی بە ڕەعیەت‌و دەستەو دایەرەوە دەبەستەوە • ئەندامانی دەستەی ڕووناکبیری نوێ چاویان بڕیبووە ئەستەموڵ‌و ئەودیوی ئەستەموڵەوە ، بیریان لە دروشمەکانی شۆڕشی گەورەی فەرەنسە دەکردەوە ، پێشکەوتنی ئەورووپاو پاشکەوتنی خۆیان ناخی دەروونیانی دەهەژاند • تا دەشهات وڵاتە گەورەکان زیاتر ڕەگیان لەناو خاکیاندا دادەکوتاو چاوچنۆکانەتر بەردەبوونە خێرو بەرەکەت‌و سامانی نیشتمانیان •

ئەوانە بەس بوون بۆئەوەی لە سەدەی نۆزدەمیندا خەباتی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نزیك‌و ناوەڕاست بگەیێنـە ئاستی خەباتی ئازادیخواو دیموکراسی‌پەروەرانە • بەڵام زۆرو ستەمی قاجاری‌یانی ئێران‌و عوسمانی‌یانی تورکیا کارێکی ئەوتۆی کردبوو خەباتی کوردو عەرەب‌و ئەرمەن‌و ئازەری‌و گەلانی بەڵکان (*) لەو ئاستەش تێپەڕێت‌و بگاتە ئاستی خەباتی ڕزگاریخوای نەتەوەیی • لەو سەدەیەدا بابان‌و سۆران‌و بۆتان‌و بادینان‌و موکریان‌و شەمدینانی کوردستانی لای خۆمان چەندین ڕاپەڕینی گەورەو هەراوبگری خوێناوی‌یان بەخۆیانەوە بینی • هەر لەو سەدەیەدا سەردارانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوای گەلی کورد بۆ یەکەم جار لە مێژوودا سەربەخۆیی‌و جیابوونەوەیان لە ئێرانی عەجەم‌و وڵاتی عوسمانی کردە دروشمی خەباتی ڕەوایان • دیسان هێشتا سەدەی نۆزدەمین کۆتایی نەهاتبوو کاتێك دەنگی • کوردستان •ی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی‌ی بەرزبۆوەو سەرەتایەکی نوێی بۆ ئەخشاندین •

لەبەر گەلێك هۆ بەداخەوە زۆر لاپەڕەی بایەخداری تۆماری ئەو ڕوداوانە ونن • بڕواناکەم لە سەرانسەری کوردستاندا خوێنەوارێکی ئەوتۆ هەبێ چەندین‌جار ناوی بابان‌و سۆران‌و بۆتان بەر پەردەی گوێی نەکەوتبێ • هەرسێکیان بوونەتە ناوی ئەفسانەیی پڕ لە ئاوازو شانازی لە زمانی کوردیدا • کەچی ئینجا هەمووومان تاوەکو ئێستەش ، زۆر بەداخەوە ، شتێکی ئەوتۆیان دەربارە نازانین • لاپەڕەکانی ئەو ڕۆژگارە ناسکە ، وەك هەموو لاپەڕەکانی‌تری مێژووی گەلی کورد ، پێویستیان بە

(*) بەر لە شەڕی یەکەمی جیهان بە هەموو وڵاتی بەرفراوانی عوسمانی ، بە بەلکانیشەوە ، دەگوترا ڕۆژهەڵاتی نزیك •

لێکدانەوەو تەتەڵەو هەڵسەنگاندنە • چارەنووسی مێژوونووسی کورد وەك چارەنووسی گەلەکەی خەباتی درێژخایەنی بێوچانە ، دەبێت بە دەرزی بیر هەڵکەنێت ، شەونخونی بکێشێت ، لە هەموو دەرگاو بووارەکان بدات • قەرزی گەلو نیشتمانە دەبێت بیداتەوەو لە قۆرتو هەڵەنگوتن سڵ نەکاتەوە •

دەمێکە دوکتۆر کاوس قەفتان بەهۆی چیرۆکە بەیتەکانی‌یەوە بۆتە ناوێکی ناسراو لای خوێنەواری کورد • بەڵام دڵسۆزان مێژووشیان لە کاك دوکتۆر دەوێت ، بۆیەکا لەوە دڵنیام « بابانو سۆرانو بۆتان »ەکەی چاوو دڵی هەموان ڕووندەکاتەوە • دیارە دەبێت ئەم بەرهەمەی دوکتۆر کاوس قەفتان سەرەتا بێتو بە زانیاریو لێکدانەوەی‌تر موتوربەبکرێت تاوەکو بتوانرێ هەموو مێژووی ئەو سێ میرنشینە گەورەیەی کوردستان چۆن پێویستە وەها تۆمار بکرێت • بێگومان مایەی بەختەوەری دەبێ گەر دوکتۆر کاوس بۆ خۆی ئەو ئەرکە پێویستەش بگرێتە ئەستۆ •

● ★ ●

چـەند سەرنجێك

دەربارەی میرنشینی بابان

گـەر بەووردی سـەیری مێـژووی میرنشـینی بابان بـكرێ ، هەست بەوە دەكرێ كە لەوتێوانەدا بەدەگمـەن هـەواڵی ڕاستەقینەی بێ گەرد بەرچاو دەكەوێ ، نەك هەر ئەوەندە بەڵـكو لێـكۆڵینەوەیێـكی تایبەتیو سەربەخۆی قووڵیوا نییە كـە هەموو لایەنێكی ئەم میرنشینە بگرێتـەوە •

میرنشینی بابان پتر لە دووسەد ساڵ مایەوەو دەورێـكی ئاشـكرای هەبوو • بەڵـكە هەندێجـار ، بەتایبەتـی كـە دەسـەڵاتو تواناییان پەرەیدەسەند ، شەڕو شۆڕیان لەگەڵ وولاتی فارسـو مەمالیكەكانـی ژێردەستی عوسمانییەكان دەكرد ، هەندێجار ئەو شەڕانە گەرم دەبوونو تەشەنەیان دەكردو مەسەلەی كوردیان دەبزواندو دەخستە بەر چاوو دەم ، كار لە چوارچێوەی شەڕی ناوخۆیی دەردەچوو و دەبووە كێشەیێـكی جیهـانی : ئەوەبوو ئیمپریالیزمی بەریتـانیا دەستی خستە ناو كـاروباری ناوەوەی دەوڵەتی عوسمانیو دەوڵەتی فارس ، هەروەهـا كوردستانیش ، بەونیازەی بەرژەوەندیی ئابووری خۆی لەو ناوچانەدا بپـارێزێو لـە

هەمان کاتیش‌دا بەربەستی پەرەسەندنی دەسەڵاتی ڕووسیای قەیسەری لەو ناوچانەدا بکا(1) •

ئەم میرنشینە گەلێك ڕووداوی تێدا ڕوودا ، بووە شانۆیێکی شەڕوشۆڕو کارەساتی ترازیدی کە کەمی لێ باس‌کراوەو گێڕراوەتەوە ، مەگەر شاخی پیرەمەگروون زمانی لێ بڕوێ‌و بێتە ئەمین زەکی‌و توانای نووسینی ڕاست‌و ڕەوانی هەبێ(2) • مێژووی میرنشینی بابان هەیە ، واتە باس‌و هەواڵی میرەکانی‌و شەڕو شۆڕەکانیان زۆربەی نووسراوەتەوە ، بەڵام مێژووی ئەم میرنشینە هەر ئەوە نی‌یە •

ئەوی ڕاستی بێ گەلێ سەرچاوەمان دەربارەی مێژووی ئەم میرنشینە چنگ‌دەکەوێ ، کە بەکورتی‌و درێژی لە سەرەتای دروست‌بونی‌یەوە ، هەموو ئەو شەڕو شۆڕو دەسیسەو خۆفرۆشتن‌و یەك‌فرۆشتنی ناو بنەماڵەی بابان‌و دارزان‌و نەمانی ئەو میرنشینە باس‌دەکەن(3) ، بەڵام بەدەگمەن وێنەیێکی ڕوون‌و ڕاستەقینەی ئەو میرنشینەمان دەدەنێ‌و بەدەگمەن‌تر باسی هەموو ئەو هۆ نهێنی‌یانە دەکەن • واتە هۆ سیاسی‌و کۆمەڵایتی‌و ئابووری‌و نەتەوایێتی‌یەکان ، کە لەڕاستی‌دا بریتی‌بوون لەو هێزانەی چەرخی مێژووی میرنشینەکەیان دەسووڕانەوە •

---

(1) عبدالعزیز سلیمان نوار ، تاریخ العراق الحدیث ، القاهرة ١٩٦٨ ، ص١٠٠ •

(2) محمد امین زکي ، تاریخ سلیمانی‌و ولاتی بەغدا ، ١٩٣٩ ، ئەم کتێبە تەرجەمەی عەرەبی کراوە ، بڕوانە (تاریخ السلیمانیة ، وضعه باللغة الکردیة محمد امین زکي، نقله الی اللغة العربیة الملا جمیل الملا احمد الروزبیاني ، بغداد ، ١٩٥١) •

(3) بڕوانە ، مێژووی سلێمانی ؛ لۆنگریك ، اربعة قرون من تاریخ العراق الحدیث ؛ رحلة ریج في عام ١٩٢٠ ؛ توفیق قەفتان ، مێژووی حوکمدارانی بابان •

ئەمین زەکی لەمڕووەوە باووباپیران تاوانبار دەکا ، کە هیچی وایان بەجێ نەهێشتووە ڕێگا ڕووناك بکاتەوە ، هەرچی ئەدمۆنـدزە ئـەوە زانـا کوردەکان تاوانبار دەکا ، ئەوانەی بەلای ئەوەوە تەنیا پشت بەو ڕووداوو باسانەوە دەبەستن‌و دووبـارەیان دەکەنـەوە کـــە نووســەرە بێگانەکـان نووسیویانەتەوە ، ئاوڕنادەنەوە لەو سەرچاوە بنەڕەتی‌یانەی بەردەستیان(٤)، واتە ئەو هەموو باس‌و ڕووداوانەی لە دڵ‌و دەروون‌و مێشکی دانیشتووانی کوردستان‌دا ماوەتەوەو سەر کاغەزیان نەدیوە ، بەڵام ڕاستی‌یێکەی ئەوەیە کە هێشتا ئەو نووسراوەمان نی‌یە ڕووداوو لێکۆڵینەوە بخاتە تەك یەك‌و وێنەیێکی ڕاست‌و ڕەوانی ئەو سەردەمەمان بخاتە بەردەم •

مێژووی میرنشینی بابان کۆنە ، دەگەڕێتەوە پێش درووست بوونی قەڵاچوالان‌و سلێمانی ، هەروەها ناوو ناتۆرەی بنـەماڵـەی بـابـان‌و بەسەرهاتیان کۆنەو گەلێك مێژوونووس دەربارەیان دواوە •

لەو سەدانەی میرنشینی بابانی تێدا درووست‌بووە دوو ئیمپراتۆری‌یەتی گەورە لەکایەدا بوون ، هەردووکیشیان بەتیژی لەپێناوی دەستگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی نزیك‌دا هەوڵیان‌دەدا ، لە ڕۆژهەڵاتی نزیکیش‌دا ، کوردستان بەگشتی‌و میرنشینی بابان بەتایبەتی ، لەپێشی پێشەوە لە ناوجەرگەی ئەم زۆران‌بازی‌یەدا بوو ، نەك لەبەرئەوەی ئەم میرنشینە ژمارەی دانیشتووانی زۆرەو سامانێکی زۆری بەخێروبێری هەبوو ، یان شوێنەکەی ستراتیژی‌یەو لە ناوچەکانی‌تری کوردستان گەورەترو گرنگ‌ترە ، بەڵکو لەبەرئەوەی کەوتبووە نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆری‌یەتەوە ، وە هەردووکـیـان لەسـەر داگیرکردنی ــ کە دواڕۆژی هەموو عێراقی لەسەر وەستابوو ــ لە شەڕدا بوون ، لەبەرئەوەش کە میرنشینێکی بەهێزو دەسەڵات‌و خاوەنی سوپایێکی

(٤) سی • جی • ئیدمۆنـدز : کوردو تورك‌و عەرەب • لاپـــەڕە ٥٦ • (بە عەرەبی) •

ناو بـــە گـــەورەیی‌و مەشق‌چاکی‌و ئازا دەرچوو بوو(٥) ، جگە لەوەش پاشاکانی ئەم میرنشینە خاوەنی ئامانج‌و هیواو هەستی نەتەوایەتی خۆیان بوون ، هەمیشە چاویان لەوەوە بوو کە میرنشینی بابـان بکەنـە بەردی بناغەی دامەزراندنی دام‌و دەستگایێکی گەورەی کوردی سەربەخۆ .

هەوڵ‌و تەقەلاکانی سلێمان بەبەی گـەورە لەو ڕووەوە باشـترین نموونەیە ، کە دەیویست بکاتە دام‌و دەستگایێکی کوردیی سەربەخۆ ، داگیر کردنی وولاتی ئەردەلان یەکەم هەنگاوێکی بوو بۆ ئەو مەبەسـتە ، ئەو میرە بەناوبانگە دەسەلات‌و زەبروزەنگی لـەیشتبوە ڕادەیێـکی‌وا ، دەوڵەتی عوسمانی سڵی لێ دەکـردەوەو دەترسـا بەتەنیـا پەلامـاری‌بدا ، لەبەرئەوە لەگەڵ ئێراندا یەك لەدوای یەك پەلاماریان‌دەدا تا ساڵی ١٦٩٩ بەسەری‌دا زاڵ‌بوون(٦) .

ئەو ئامانجە واتە داگیر کردنی وولاتی موکری‌و ئەردەلان لە مێشك‌و دڵ‌و دەروونی میرەکانی باباندا جێگیر بوو پشـتاو پشت دەمایـەوە ، ئەوەبوو بەکر بەگی میری بابان کە بە ئیسلاحاتی ناوخـۆو دەرەوە ناوی دەرکردبوو ، لە سەرەمەرگیش‌دا هێنانەدی ئەو ئامانجەی لەسەر دەم بوو کە ووتبووی « ئەوەی ئەو ئامانجە بهێنێتەدی لەو دنیاش بێ ، دڵی پـێ خۆش‌دەکەم »(٧) .

عەبدورەحمان پاشای بەناوبانگی میرنشـینی بابـان ، دیسـانەوە نموونەیێکی ئاشکرای ئەو مەبەستەیە ، ئەم میرە توانی دەوڵەتی عوسمانی

---

(٥) عبدالعزیز سلیمان نوار ، داود پاشـا والي بغـداد ، القاهرة ، ١٩٦٨ ، ص٣٦ .
(٦) سالح قەفتان ، مێژووی گەلی کورد ، بەغدا ، ١٩٦٩ ، ل ٣٠٧ .
(٧) مێژووی حوکمدارانی بابان ، بەغدا ، ل ٤٠ .

بهێنێته لەرزین و له دەوری ئەمەدا میرنشینی بابان گەیشته ئەوپەری بەهێزی و سەربەخۆیی تەواو[٨] ، هەر لەبەرئەوەش بوو کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی بەدرێژایی بیست و سێ ساڵ وازیان لێ نەهێناو هەمیشه دەچوون بەگژیدا ، ڕێگا نەما نەیگرن بۆ دەرەقەت هاتنی : چ به ئەم و ئەو کڕین بێ چ به سوپا ناردن و دەسیسەکردن بێ .

گومان لەوەدا نی یه که میرەکانی بابان سوودێکی باشیان له جۆری هەڵکەوتن و جێگا باشی میرنشینەکەیان وەرگرت ، چونکه میرنشینەکەیان کەوتبووە نێوانی هەردوو ئیمپراتۆری یەتەکەوەو لەسەر دوو پەت یاری یان دەکرد[٩] ، ئەم یاری کردنی سەر دووپەتە تەنیا لەبەرئەوە نەبوو که میرنشینەکەیان له نەمان بپارێزن بەڵکه بەونیازەش که بەرەبەرە بەگوێرەی سیاسەت و توانای ئەوڕۆژە فراوان و بەهێزی بکەن تا بتوانن بگەنه ئەو ئامانجەی دەستنیشانمان کرد .

میرەکان بەگوێرەی توانا هەوڵیاندەدا ئەو قورسایی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی یەی مەرکەز کزبکەن بەو هیوایەی لەژێر سێبەری بنەدەرێ و ڕزگاری یان ببێ ، هەروەکوو خاڵفین نووسیوێتی ، بەربەرەکانێی گەلی کورد بەنیازی ڕزگاربوون له چنگ دەسەڵاتی حکوومەتی مەرکەزی لەڕێی دەرەبەگە نیشتمان پەروەرەکانی کوردەوە بەرەی دەسەند[١٠] ، میرەکانی بابانیش لەو دەرەبەگە نیشتمانپەروەرانەی کورد بوون که ئامانجی ڕزگاربوون و سەربەخۆیی گەلی کورد کۆی کردبوونەوە بۆ کارکردن لەوڕووەوە .

---

(٨) ئەدمۆنس ، ل ٥٤ .

(٩) نوار ، داود پاشا ، ص ٣٦ .

(١٠) ن . ئا . خالفین ، خەبات له ڕێگەی کوردستان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٣، ل ١٩ ، « به زمانی ڕووسی » .

له سالی ١٦٢٩دا کوردستان لەسەر بناغەی شیعەو سونی مەزەب لەنێوان دەوڵەتی عوسمانیو ئێراندا دابەش‌کرا ، بەوپێیە کوردستانی خووارو و شارەزوورو میرنیشنی بابان بەر دەوڵەتی عوسمانی کەوتن • هــەر لەوسـاوە هــەوڵو کۆششی میرەکـانی بابان بۆ بەهێزکردنو پەرەپێسەندنی سەربەخۆیی میرنشینەکەیان دەســتی پێ‌کـــرد • ئەگەر چاروبار خزمەتگوزاری دەوڵەتی عوسمانی بووبن یان گەلێ‌جـار لەڕوویدا هەڵگەڕابنەوە ، یاخود گەلێك جار پەنایان بردبێتە بەر ئێران یاوەکوو دەستەویەخەی ئەویش بووبن ، هەمووی لەپێناوی خزمەتکردنو بەهێزکردنی میرنشینەکەیاندا بووە •

میرەکانی بابان لەوە دڵنیابوون کە ئەگەر یەکێك لەو دوو دەوڵەتە گەورەیە بەسەر ئەویتریاندا زاڵ بێو دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ لەناوی‌ببا ، ئەوە لەپێش هەموو شتێکەوە میرنشینی بابانی تێـدا دەچێو بەئاسـانی فووت‌دەدرێ ، لەبەرئەوە زۆر جار یارمەتی هێزەکانی ئێرانیان دەدا تـا هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەربکەنو ناوو دەسەڵاتیان کزبکەن ، کە ئەوەیان بۆ دەچووەســەر ئنجا ئاوڕیان لە هێزەکانی ئێـران دەدایـەوەو پەلاماریان‌دەدان ، بەوجۆرە ئێرانو دەوڵەتی عوسمانی چەند یەکتریان لاواز دەکرد میرنشینی بابانیش ئەوەندەی‌تر ئاگری ئەو لاوازبوونـەی نێوانیانی خۆش‌دەکردو بەشداری لاوازکردنیانی دەکرد •

پەنابردنی میرەکانی بابان بۆ بەر دەوڵەتــی عوسمانــی یان ئێـران تەنیا لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی میرەکـان خۆیـان نەبوو وەك لەڕواڵەتدا وادیارە ، بەڵکوو لە چوارچێوەیێکی فراوانتردا بـوو ، ئەوەبوو سـاڵی ١١٣٩ك کاتێ سوپاکەی ئەشرەف‌خانی‌ئەفغانیو دەوڵەتی عوسمانی چوون بەگژ یەكدا ، هێزی کوردەکان بەتایبەتی هێزی میرنشـینی بابان لەتـەك

هێزی دەوڵەتی عوسمانیدا ئازایانە کەوتنە شەڕەوە ، بەڵام کاتێ عوسمانییەکان گەیشتنە ئەوەی تەواو سەربکەون ، کوردەکانی بابان بە سەرۆکایەتی خانە پاشا کشانەدوواوەو وازیان لە سوپای دەوڵەتی عوسمانی هێنا ، بەوە عوسمانییەکان شکان ، ئەمەش لەبەرئەوە نەبوو کە سەرۆکە کوردەکان پارەیان وەرگرتبێ وەکوو خاوەنی « دوحة الوزراء » دەڵێ ، بەڵکوو لەبەرئەوە بوو کە دەیانویست دەوڵەتی عوسمانی لەکەدارو زەرەرمەند بێو نەیەڵن لەوە زیاتر فراوانو خاوەن دەسەڵات بێ(۱۱) .

بابانەکان لەوە دڵنیابوون کە سەرکەوتنی عوسمانییەکان لەو شەڕەدا ، دەبێتە هۆی لاسەنگبوونی تەرازووی هێزەکانی ئەو ناوچەیەو ئەوەش لە بەرژەوەندیو چاکەو سوودی میرنشینی بابان نەبوو ، هەروەها کاتێ کە دەوڵەتی ئێران بە پەیدابوونی نادرشا دەسەڵاتی پەیداکردو گەیشتە ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی لە عێراقدا لەناوبەرێو لەوانەبوو ئەمە ببێتە هۆی ئەوەی لە مەیدانی ئەو ناوچەیەدا لە هێزی ئێران بەولاوە هیچ هێزێکیتر نەبێ ، میرنشینی بابان کەوتە پەلاماردانی سوپاکەی نادرشاو پشتی دەوڵەتی عوسمانی گرت(۱۲) .

کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانیو ئێرانیش بەتەنیا یان بەیەکەوە چییان لەدەست هاتبێ درێغیان لەوە نەکردووە کە میرنشینی بابان بە

---

(۱۱) الشیخ رسول الکرکوکلی ، دوحة الوزراء في تاریخ وقائع بغداد الزوراء ، بیروت ، ص۲۳ «نقله من الترکیة الی العربیة موسی کاظم نورس » .

(۱۲) لە گفتوگۆکەی نێوان نادرشاو سەلیم بەگی باباندا بۆمان دەردەکەوێ تا چرادەیێك میرەکانی بابان شانازییان بە وولاتو خاکو نەتەوەوە کردووە . بڕوانە « مێژووی حوکمدارانی بابان ، ل ۵۳ ــ ۵٦ » .

دەستەپاچەیی‌و کزی بهێڵنەوە ، خۆ ئەگەر لەڕێی شەڕو بەکارهێنانی سوپاوە ئەوەیان بۆ نەچووایەتە سەر ئەوە لەڕێی دووبەرەکی‌نانەوەوە لەنێوان ئەندامانی بنەماڵەی باباندا هەوڵیان‌دەدا بگەن بەو نیازەیان •

هەر لە سەردەمی پەیدابوونی نادرشاوەو بە هەوڵ‌و تەقەلای نادرشا خۆی ، بۆ یەکەم‌جار تۆوی دووبەرەکی لەنێوان خزم‌و کەس‌و کاری ئەم بنەماڵەیە چاندرا ، هەر ئەو بوو توانی سەلیم‌بەگ بخەڵەتێنێ‌و لە میری بابانی ئامۆزای ڕاست‌بکاتەوە ، هەر لەوساوە ئەو نەریتە ناشیرین‌و کوشندەیە کەوتە بنەماڵەی بابان‌و بووە ماکی لاوازکردن‌و دوایی تێداچوونی میرنشینی‌یەکە •

کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانیش هەر لەوساوە ئەو نەخۆشی‌یەیان کردە داردەست‌و هەمیشە باوک‌و کوڕو براو ئامۆزایان لەیەك دەکردە دوشمن ، بەونیازەی میرنشینی بابان هەرگیز نەبێتە خاوەنی هێزێکی‌وا کە مەترسی هەبێ بۆ سەر دەوڵەتی عوسمانی ، نەك هەر ئەوە •• بگرە کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی هەرگیز ڕێگایان نەدەدا میرێ لە میرەکانی بابان بێتە والی بەغدا تا میرنشینی بابان دەسەڵاتی زۆرتر پەیدا نەکاو نەبێتە مایەی سەرێشە بۆ ئەستەمبووڵ(١٣) ، بەڵکوو هەردوو دەوڵەتەکە ، واتە ئێران‌و عوسمانی ، لە برایان‌و کوڕانی میرەکانیان بە دەست‌بەسەری دەبردە کرماشان یان بەغداو لەوێ دایان‌دەنان تا میرەکانی بابان چاوترسێن بکەن‌و لقاویان بکەنە دەم •

بەدرێژایی ئەو مێژووە میرنشینی بابان ، بەرزی‌و نزمی ، فراوانی سنوورو گرژی سنووری بەخۆیەوە دی ، بۆنموونە جاری‌وا هەبوو

---

(١٣) نوار ، داود پاشا ، ص٣٦ •

فراوانی دەگەیشتە ئەوەی هەرێمی سلێمانیو کەرکووکو هەمەدانو کۆیەو قەسری‌شیرینو زەهاو بگرێتەوە ، بەڕادەیێکی‌وا کە لۆنگریك ناوی بنێ ئیمپراتۆری‌یەتی بابان(١٤) .

ئەم میرنشینە دەیتوانی دەورێکی گەورەو بالاتر ببینێ ، بەتایبەتی پاش هیلاکبوونو لاوازبوونی هەردوو ئیمپراتۆری‌یەتەکە لەئەنجامی چاوبرسیتی ڕوسیای قەیسەری ، ئەو چاوبرسیتی‌یەی سنووری بۆ نەبوو ، ئێرانو دەولەتی عوسمانی پەرێشان کردبوو ، جا ئەوڕۆژانە باشترین هەل بوو بۆ میرنشینی بابان تا ئامانجە نەتەوایێتی‌یەکانی خۆی بهێنێتەدی ، بەلام کاتێك دوو دەولەتەکە هیلاك بوون : ئەمارەتی بابانیش لەتەك ئەوانەوە یەکی کەوتبوو بەهۆی ئەو هەموو دووبەرەکی‌و یەکخواردنو شەڕو شۆڕەی بابانەکان خۆیان لەسەرێکەوە ، هەردوو دەولەتەکەی ئێرانو عوسمانی لە سەرێکی‌ترەوە کە شانۆی یێکدا هەلپژانەکانیان میرنشینی بابان بوو .

دوای ڕاپەڕینەکانی عەبدوڕڕەحمان پاشا کە هەلگری باوەڕو هەستی نەتەوایێتی بوو و بە هیوای فراوانکردنو سەربەخۆیی میرنشینی بابان بوو ، میرنشینەکە تەواو هیلاك بوو ، ئیتر میرەکانی بابان نە ئەو تواناو نە ئەو هەستە بەجۆشەیان نەما کە دامو دەزگا کوردی‌یە سەربەخۆکە دابمەزرێنن .

بێ‌گومان گەر لەمە ووردبینەوە ، دەبینین گەلێ کۆسپ ڕێگای هێنانەدی ئامانجەکانی میرنشینی بابانی دەگرت ، لەسەرێکەوە چ ئێرانو چ دەولەتی عوسمانی گەر کار بگەیشتایەتە ئەوەی میرنشینی بابان بکاتە

---

(١٤) لۆنگریك ، ل ٢٤٩ .

ڕادەی دەسەڵاتو سەربەخۆیی تەواو کە بێتە هێزێکی سێیەم لە ناوچەکەداو تەنگ بە هێزەکانی ئەوان هەڵچنێ ، ئەوە بەجووتە دەکەوتە گیانیو بە هەزار فڕوفێڵ بەربەستییان دەکرد بەتایبەتی کە دەیانزانی میرنشینەکە دەبێتە مەشخەڵێکو ناوچەکانیتری کوردستان بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێ ، لە سەرێکیتریشەوە سیاسەتی ئەوڕۆژانەی جیهانیش کۆسپێکیتر بوو ، هەرچەندە ئیمپریالیزمی بەریتانیاو ڕووسیای قەیسەری حەزیشیان دەکرد ئێرانو دەوڵەتی عوسمانی پەرێشان بن ، بەڵام نەک تا ئەوڕادەیەی پارچەیەکیان لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا لێ جودا بێتەوە ئەگەر هی خۆیان نەبێو بۆ خۆیان نەبێ ، دەردی دووبەرەکیو خۆفرۆشتنی هەندێ لە میرەکانی بنەماڵەی بابانیش لەولاوە بوستێ .

ئەگەر ئەو دووبەرەکییە نەبوایە ، نە ئێرانو نە عوسمانییەکان چارەسەری میرنشینی بابانیان پێ نەدەکرا ، ئەوەتا **ئەحمەد** پاشای میری بابان پەنجە دەخاتە سەر ئەو زامەو بە ڕیچ دەڵێ ، ئەنجامی دووبەرەکیی میرەکانمان تێداچوونی خۆمانە ئەگینا ئێرانو عوسمانییەکان دەرەقەتمان نەدەهاتن گەر ئەم دووبەرەکییەیان نەکردایەتە هەلو داردەست بەدەستیانەوە(١٥) .

دووبەرەکیو شەڕوشۆڕی نێوان میرنشینی بابانو میرنشینەکانی دراوسێی وەکوو میرنشینی سۆران ، ئەمیش کۆسپێکیتر بوو ، لەجێی ئەوەی ئەو هێزانە یەک گەون ، بە پارچە پارچەییو ناکۆکی مابوونەوە کە ئەم هۆیەیان نەک بووە مایەی لاوازی میرنشینە کوردەکان بەڵکە بووە هۆی تێداچوونی میرنشینەکانیشو بەهێزبوونی ئێران بەگشتیو دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەتیو سەرکەوتنیان .

---

(١٥) ریچ ، ص٦٣ .

لە سەرێکی تریشەوە ناوچەی میرنشینی بابان وەك باسمان کرد کەوتبووە شوێنێکەوە، ببووە شانۆی بەیەکدا هەڵپژانی سوپاکانی دەوڵەتی عوسمانیو ئێران ، کە ئەمەش زیانێکی زۆری بە میرنشینەکە ئەگەیاندو دانیشتووانی ناوچەکە حاڵێکی‌وایان بەسەردا هاتبوو ئیتر گوێ‌نەدەنە زیانێکی دامەزراوی پڕئاسوودەیی پێشکەوتووی‌وا کە کشتوکاڵو بازرگانی تێدا گەشەبکات .

یەکێك لە کاربەدەستانی میرنشینی بابان ئەو هەستەی بەئاشکرا بۆ ڕیچ دەرخستبوو بەوەی بێ‌ووتبوو ، ماڵ بۆ درووست بکەینو چاکی بکەینەوەو دەستی پێدا بهێنین ، لەکاتێکدا کە لەوە دڵنیا نین تا سەر تیایدا بژین ، ماڵوێرانی ئەم وولاتە لە بێ‌ئاسایشی‌دایە(١٦) .

بەهۆی ئەو دواکەوتنی دۆخی ئابووری‌یەوە ، دۆخی کۆمەڵایەتیش دواکەوت ، ئەمەش بووە کۆسپ لە ڕێی پێشکەوتنو پێگەیشتنی میرنشینی بابان ، چونکە دوواکەوتنە کۆمەڵایەتی‌یەکە لەئەنجامی دۆخە ئابووری‌یە دوواکەوتووە پەرێشانەکەوە بوو .

شتێکی ئاشکرایە کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگای میرنشیی بابان‌دا هێجگار سەرەتاییو دواکەوتوو بوون ، ڕژێمی چینایەتی دەرەبەگایەتیش هێندی‌تر دۆخی ئابووری بەرەو وەستانو شێوان ئەبرد ، ئاغا تا دووا دڵۆپ خوێنی جووتیاری دەمژی ، میرەکانیش لەپێش هەموو شتێکی‌ترەوە گەورەترینی دەرەبەگەکان بوون ، دەبوایە خەرجی بۆ خۆیان، سوپایانو دەستو پێوەندەکانیان ئامادەبکەن ، هەندێکیش بۆ دووارۆژ تەرخان بکەن ، هەندێکی‌تریش بدەن بە بەغداو کرماشان .

---

(١٦) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٤ .

بۆنموونە عەبدوڕڕەحمان پاشا دە هەزار تمەنی دەدا بـــە حکـوومەتی ئێران[١٧] ، قورسایی ئەو هەموو بارەش بێـــگومان لەســـەر شـــانی جووتیارەکان بوو ، بۆیە دۆخی ئابووری لاواز بوو بەڕادەیێکیوا کـە کەسێـکی وەکوو لازاریف بڵێ ، لە هەموو کوردستاندا مەرکەزێـکی بازرگانی گەورە نەبوو[١٨] .

شاری سلێمانی کە مەرکەزو پایتەختی میرنشینی بابان بوو ، شارێکی بچووکی هەزار بوو ، تەنانەت لە دوواڕۆژەکانی میرنشینی بابانیشـــدا ، بگرە لەدووای ڕووخانی ئەو میرنشینە بە ماوەیێکی زۆریش واتــە لـــە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ژمارەی دانیشتووانی لە ١٠٠٠ ماڵ[١٩] یان زۆر زۆر لە ٢١٤٤ مـاڵ[٢٠] یاخود زۆرتـر لـەوە لە (٦) هـەزار مـاڵ تێ نەدەپەڕی[٢١] .

لە ڕووی ژیانی کۆمەڵایەتی شاری سلێمانییەوە ، سەرەڕای ئـەو کۆمەڵـگا چینایەتییەی باسمانکرد جیاوازی کۆمەڵایەتیش هـەبوو ، عەشایرەکان خۆیان بە گەورەترو بەدەستتر دادەنا لەچاو دانیشتووانی گوندەکاندا ، جووتیارەکانیش ، ئەو جووتیارانەی ڕیچ باسـیکردوون ژیانیان لە ژیانی کۆیلەی ئەکرد[٢٢] .

---

(١٧) تاریخ سلیمانیو وولاتی ، ل١٣ .

(١٨) م . س . لازاریڤ ، کوردستانو مەســەلەی کورد ، مۆسـکۆ ، ١٩٦٤ ، « بە زمانی ڕووسی » .

(١٩) سون ، رحلة متنكرة ما بين النهرين و كردستان ، چ١ ، بغداد ، ١٩٧٠ ، ص٢٣٧ .

(٢٠) تاریخ سلیمانیو ولاتی ، ل ٩٠ـ٩١ .

(٢١) سەرچاوەی پێشوو .

(٢٢) ریچ ، ص ٨٣ .

جـا له دۆخێکی وەها دوواکـەوتووی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌دا ، ناوچەیێکی وەها پڕ له شەڕو هەراو ئاژاوە ، سەرمایە ڕووی تێ‌ناکاو بـە بێ ڕوونێ کردنی سەرمایەیش زیانی ئابووری نابووژێتـەوە ، هەر لەبـەر ئەمەش بوو گەلێك لەو قاقڵە دەوڵەمەندو گەورانەی بە کوردســتان‌دا تێ‌دەپەڕین لایان‌نەدەدایە شارێك له شارەکانی کوردستان(۲۳) .

هەر لەبەرئەوانەش دەبینین میرێـکی وەکوو مەحموود پاشا له ساڵی (۱۸۲۰)دا بەدڵ حەزی دەکـرد وولاتەکـەی ببووژێنێتـەوەو بـەرەو ڕێ‌یێکی ڕاست بیبات ، بەڵام ئەوەی بۆ نەچووەسەر چونکە نه سەرمایەی لەدەست‌دا بوو ، نه سەرمایەش ڕووی دەکردە کوردســتان ، لەبـەرئەو هۆیەی کە سەرمایە ڕوودەکاتە شوێنێك دۆخێکی دامەزراوو پڕ له ئاسایشی درێژخایەنی هەبێ(۲٤) ، ئەوەش له کوردستان‌دا بەگشتی‌و له میرنشینی بابان‌دا بەتایبەتی چنگ نەدەکەوت‌و نەبوو .

بەڵام ئەوانه هەمووی ئەوە ناگەیێنێ کـە ئیتر دۆخی ئابووری لـە جێی خۆی‌دا دەوەستێ‌و پێشکەوتن نابینێ بەخۆیەوە ، بەپێچەوانەوە .. هەر ئەو نیمچە پێشکەوتنه بوو لەدووایین ڕۆژەکانی میرنشینەکـەدا ، بەتایبەتی له سەردەمی عەبدوڕڕەحمان پاشادا تەووژمی هەستی نەتەوایێتی پتر له جاران دەجووڵاند ، خاڵفین لەڕووەوە دەڵێ : نەك هەر ڕوخساری نەتەوایێتی بەڵـکوو ئابووریش بوو کە راپەڕینەکانی بەدرخان پاشاو میری ڕەواندزو عەبدوڕڕەحمان پاشای بابانی دەبزواند(۲٥) .

---

(۲۳) لازارێف ، ل٤ .

(۲٤) نوار ، داود پاشا ، ص۲۸٥ .

(۲٥) خالفین ، ل۱۹ .

هەر لەبەر ئەوەشە دەبینین ڕوخساری نەتەوایەتی لە ڕاپەڕینەکانی عەبدوڕڕەحمان پاشادا پتر لە ڕاپەڕینەکانی‌تری میرەکانی پێشووی بابان ئاشکراو بەتەوژمن ، ئەوەندە هەیە ئەو پێشکەوتنە ئابووری‌یە نەگەیشتە ئەو ڕادەیەی دەستی گۆڕین بەسەر ڕوخساری کۆمەڵگای میرنشینی بابان‌دا بهێنێ‌و ببێتە هۆێکی ڕاستەقینەو بزوێنەرێکی میرنشینی بابان بەرەو پێشکەوتن‌و سەرکەوتنی تەواو ببا .

هەتا چاو پێداخشاندنێکی سەرپێ‌یش ئەوەمان بۆ دەردەخا کە میرنشینی بابان کەم‌و زۆر بەدرێژایی بوونی .. خاوەنی ڕوخسارێکی نیشتمان‌پەروەری بووە .

شاری سلێمانی کە ئەمڕۆ ناوجەرگەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی‌و ڕۆشنبیری کوردستانە ، بابانەکان دایان‌مەزراندو هەر ئەوان بوون تۆوەکەیان چاند .

میرەکانی بابان شانازی‌یان بە وولات‌و نیشتمانی خۆیانەوە ئەکرد . کاتێ خانەپاشا فەرمانی کوشتنی دوو لە سەرۆکە کوردەکانی دەرکرد ، لەبەرئەوەی لە قسەی دەرچوون ووتی : ئەوەی لەگەڵمە ، لەگەڵ نیشتمانە(٢٦) .

کاتێ لە عەبدوڕڕەحمان پاشایان پرسی کە بۆ نابێتە پاشای بەغدا ، ووتی : ڕاستە گەورەتر دەبم ، بەڵام قومێك لە بەفراوی وولاتەکەم ناگۆڕمەوە بە هەموو نەرێتی ئیمپراتۆری‌یەتەکە(٢٧) .

---

(٢٦) مێژووی حوکمدارانی بابان ، ل٣٩ .

(٢٧) ریچ ، ل٦٨ .

لە هەموو گرنگتر ئەوەیە کە ئەم زمانە ئەدەبییە یەکگرتووەی ئەمڕۆ کورد پێیدەنووسێ ، میراتی میرنشینی بابانە ، هەر لە ڕۆژانی پەیدابوونی ئەم میرنشینەوە ، شێوەی خواروویی زمانی کوردی بووە زمانی ڕەسمی میرنشینەکە • بۆ یەکەمجار شاعیرانی کورد لە کوردستانی خوارووودا ، بە زاراوی ئەم ناوچەیە هەڵبەستی نیشتمانییان بەسەر گەلی کوردو تێکۆشانیو میرنشینی بابانو ئامانجەکانیدا هەڵدا ، شانبەشانی شیعرە دڵدارییەکانیان ، شانازییان بە پاڵەوانانی کوردەوە کردووەو بۆ ڕووخانی میرنشینی بابان فرمێسکیان ڕشتووە(۲۸) •

عەلی بەردەشانی ، شاعیری میللی ، مێژوونووسی ڕاپەڕینەکانی عەبدوڕڕەحمان پاشا بووە بە شیعر ، ئەم شاعیرە بە شیعرەکانی باسی ئازاییو قارەمانەتیی میرەکانی بابانیشی دەردەبڕی(۲۹) •

لە هەڵبەستەکانی عەلی بەردەشانیو نالیو سالمو کوردیدا ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە میرنشینی بابان تا چڕادەیێک هەستی نەتەوایەتیی بزواندووەو بڵاوکردۆتەوە ، نەك هەر لە دڵو دەروونی شاعیرەکاندا بەڵکە لە هەستو ناخی میللەتەکەشدا ، هەتا ئەمڕۆش میللەتی کورد شانازی بە دووازدە سوارەی میری بابانەوە دەکا •

شێخڕەزای تاڵەبانی مەزن ، لە یەکێك لە شیعرە هەرە بەرزەکانیدا شانازی بەوەوە دەکا ، کە چۆن سلێمانی کاتێ نشینگەی بابانەکان بوو ،

---

(۲۸) مارف‌خەزنەدار ، لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردی تازەوە ، مۆسکو ۱۹٦۷ ، ل ۳٦ « بە زمانی ڕووسی » •

(۲۹) عیزەدین مستەفا ڕەسوول : عەلیی بەردەشانی ، ژیانو بەرهەمی ، « گۆڤاری کولێجی ئەدەبیات » ، بەغدا ، ۱۹۷۳ ، ژمارە (۱٦) ، ل۳۸ •

نە مەحکوومی عەجەم‌و نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو(٣٠) •

هـــەر لەبەرئەوەشـە دەتوانین بڵێین میرنشینی بابان گـەرچی لە میرنشینەکـــانی‌تری کوردستان گەورەتر نـەبوو ، بەڵام ئـــەو دەورە نیشتمانی‌یەی لە مێژووی گەلی کوردا گێڕای‌و ، ئـەو ئەنجامە گـەورەو میراتە زۆرەی پاشی خۆی بەجێ‌ی‌هێشت دەبێتە هۆی ئەوەی بـــە بێ سێودووکردن لەپێش هەموو میرنشینەکانی‌ترەوە دابنرێ •

---

(٣٠) دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، بەغدا ، ١٩٤٦ ، ل ٣٤ ـ ٣٥ •

سەرچاوەکان

(١) توفیق قەفتان ، مێژووی حوکمدارانی بابان ، بەغدا ، ١٩٦٩ .

(٢) خالفین ن . ئا . خەبات لە ڕێگەی کوردستان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٣ « بە زمانی ڕووسی » .

(٣) دیوانی شێخ ڕەزای تالەبانی ، بەغدا ، ١٩٤٦ .

(٤) رسول الکرکوکلي ، دوحة الوزراء في تاریخ وقائع بغداد الزوراء ، بیروت .

(٥) سالح قەفتان ، مێژووی گەلی کورد ، بەغدا ، ١٩٦٩ .

(٦) عبدالعزیز سلیمان نوار ، تاریخ العراق الحدیث، القاهرة ، ١٩٦٨

(٧) عبدالعزیز سلیمان نوار ، داود باشا والي بغداد ، القاهرة ١٩٦٨ .

(٨) عیزەدین مستەفا ڕەسوول ، گۆڤاری کولێجی ئەدەبیات ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ژمارە (١٦) .

(٩) کلودیوس جیمس ریچ ، الرحلة ، بغداد ، ١٩٥١ ، ج١ ، ترجمة بهاء الدین نوري » .

(١٠) لازارێف . س . م. کوردستان و مەسەلەی کورد ، مۆسکۆ ، ١٩٦٤ « بە زمانی ڕووسی » .

(١١) لونگریك ، اربعة قرون من تاریخ العراق الحدیث .

(١٢) مارف خەزنەدار ، لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە . مۆسکۆ ، ١٩٦٧ .

(١٣) محمد امین زکي ، تاریخ سلیمانی و ولاتی ، بەغدا ، ١٩٣٩ .

(١٤) میجەرسۆن ، رحلة متنکرة ما بین النهرین و کردستان ، بغداد ، ١٩٧٠ ، ج١ ، ترجمة فؤاد جمیل .

ئەوڕەحمان پاشـــا
لە تای تەرازوودا

کاتێك ئەوڕەحمان پاشا کاروباری میرنشینی بابانی لە دەورەبەری ساڵی ۱۷۸۹دا گرتەدەست ، هەر بە هـۆی ڕاو خواسـتو ئارەزووی سلێمان پاشای والی بەغدا نەبوو ، بەڵکو ئەتوانین ئەوە بڵێین کە جۆرە خۆسەپاندنێك بوو لەلایەن ئەوڕەحمان پاشاوە ، واتـە زۆرەملـی تێـدا بووە ، ئەمە ئەگەیێنێت کە پتر لەڕێی هێزەوە دەسەڵاتی گرتەدەست . ئەمەش ئەو ڕاستی یە ئەچەسپێنێت کە لە یەکەم ڕۆژەوە ئەوڕەحمان پاشا دڵنیاو پشت بە خۆ ئەستوور بووەو لەئاست والی بەغدادا چاونەترس بووەو ئەمەش هانیداوە هەمیشە چاوی لە ڕزگاربوون لە چنگ دەسەڵاتی والی بەغدا بووبێت ! ئەم ڕاستی‌یە ئەو ڕێبازەی لێ هەڵقولا کە ئەوڕەحمان پاشا گرتی‌و بەرەڵلای نەکرد . لەوڕوژەشەوە چارەنووسی خۆی بکرە چارەنووسـی میرنشـینەکەشی نەخشـەکردو بناغەی جـۆرێ پەیوەندی لەگەڵ والی بەغاو حاکمی کرمانشاهدا دامەزراند ! .

سەرچاوەی ئەم هێزو دەسەڵاتەش ئەگەڕێتەوە ڕۆژانـی پێش ئەوڕەحمان باشا واتەوەك میراتێك بۆی مابۆوە بەس ئەوەیـە لـە دەوری

ئەمدا پتر چەسپاو پەرەی‌سەندەبەڕادەیەك وای‌لێهات ئەوڕەحمان پاشا بە والی دانەری بەغدا دابنرێت[1] • دەسەڵات فراوانی سنوری میرنشینی بابان لە ڕۆژانی فەرمانڕەوایی ئەمدا شێوەو ڕوخسارێکی نوێی وەرگرتبوو تاڕادەیەك لە ڕوخساری هیەکانی پێشووی نەئەکرد ، لەوەی ئەنیا میرێکی ناوچەیی بێت‌و دەسەڵاتی لە چوارچێوەی تەسکی ئەو میرنشینەدا بێت ، ناوەرۆکەکەی لە زەمانی ئەمدا گەلێك لەوە بەماناو فراوان‌تر بوو ، پتر لەوە ئەچوو وەکو ئەوار ئەنووسێت پاشای هەموو کوردستان بێت[2] •

ئەم هێزو دەسەڵات فراوانی‌یە ئەبوایە لەگەڵ هێزو تواناکانی‌تری میرنشینەکەدا یەکی‌بگرتایەوە [وەکو جۆری هەڵکەوتنی میرنشینەکە ، پیت‌و بەرەکەتی ئابوری‌و زەوی‌وزاری ، هێزی سوپایی مەشق‌پێ‌کراو••] ئامانجەکانی میرەکان‌و میرنشینەکە لە سەربەخۆیی‌و سەرفرازی لە چنگ دەوڵەتی عوسمانی یان هیچ نەبێت لە چنگ والی بەغدا بهاتنایەدی ! کەچی ئەبینین هەر ئەو هۆیانەو چەند هۆیەکی‌تر کۆئەبوونەوەو یەکیان‌ئەگرت‌و چوارچێوەی ئەو هیواو ئامانجانەیان تێك‌ئەشکان !

لەسەرێکەوە دەوڵەتی عوسمانی نەك هەر دوژمنانە بەڵکو زۆر بە کورت‌بینی بەرامبەر بە میرنشینە کوردەکان بەتایبەتی میرنشینی بابان ئەجوولایەوەو سیاسەتێکی هێجگار خوارو خێچی بەکارئەهێنا ، بڕوای بە میرنشینی بابان نەبوو ، هەر لەبەرئەوەی لە ژێرەوە بگرە زۆر جار بەئاشکرا پەیوەندی لەگەڵ ئێران ئەبەست ، نەی‌ئەتوانی یان نەی‌ئەویست لەوە بگات کە جۆری هەڵکەوتنی جوغرافیایی میرنشینەکەو زیاتر

---

(1) لۆنگریك ـ ل ٢٣١
(2) ئوار ـ ل ١٢١

بەهۆی سیاسەتی یەکبارى دەولەی عوسمانی خۆیەوە میرەکانی بابان ناچار ئەبوون لە ئێران نزیك ببنەوەو دەست بخەنە دەستی یەوەو لەسەر دوویەت یاری بکەن • ئەوە ئاشکرایە لەو ڕۆژانەدا هەستی ئاینی یان باشترە بڵێین هەستی مەزەب پەرستی دەورێکی بالای لە ئێرانی ڕوودا وە مێژووییەکاندا ئەدی • جا ئەتوانین لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستی یەدا ئەوە دووبارە بکەینەوە کە ئەگەر بابانی سوننی مەزەب کەم و زۆر باوەڕی بە دەولەتی عوسمانی هاومەزەبی بوایە ئەوە ئەبووە شوورەیەکی سەختی دەولەتی عوسمانی لە کوردستانی خواروودا بەرامبەر بە ئێران ، بەلام سیاسەتی چەوتی دەولەتی عوسمانی لە خۆی و لە میرنشینی بابانیشی تێکدا ، نە خۆی توانی سنوورێکی دامەزراوی نەخشەکراو لەم ناوچەیەدا دروست بکات و نە میرنشینی بابانیش توانی دامەزرێت و گەشەو نەش و نما بکات • ئەوە بوو شەڕوشۆڕ لەگەڵ ئێران هەمیشە بەردەوام بوو ، میرنشینی بابانیش لەم پەت بۆ ئەو پەت ئەچوویاری لەسەر ئەکرد • زوربەی زۆری سەرچاوەکان لە ئاست ئەوڕەحمان پاشادا ناتوانن دان بەو ڕاستی یەدا نەنێن کە بەگوێی ئێرانی نەئەکرد ، هەرچەندە جارەهای جار پەنای ئەبردە بەر ئێران و بە یارمەتی ئەو میرنشینی بابانی ئەخستەوە ژێردەست ، بەلام هەمیشە سەرکێشی لە ئاست ئێران و سیاسەتی دا ئەکرد و لەسەر ئەو سیاسەتە ئەڕۆیشت کە خۆی ئەیویست و بە ڕاستی ئەزانی ، نەوار دان بەم ڕاستی یەدا ئەنێت و ئەنووسێت ئەوڕەحمان پاشا بە قسەی ئێرانی نەئەکرد لەبەرئەوە خۆشیان نەئەویست(٣) • جا دەولەتی عوسمانی نەیتوانی سوود لە پاشایەکی وەکو ئەوڕەحمان پاشا ببینێت و بۆ سوودی هەردوولا بەلای خۆی دا ڕایکێشێت ، ئەتوانین بڵێین کە دەولەتی عوسمانی بەپێچەوانەی ئەمەوە ئەجوولایەوە !

---

(٣) هەمان سەرچاوە ــ ل ٥١

یارمەتیدانی ئێران بۆ میرنشینی بابان‌و پشتگیری‌کردنی هەر لەو سنوورەدا بوو والی‌یەکانی بەغدا ناواز بکات‌و دەسەلاتی دەولەتی عوسمانی لە ناوچەکەدا کز بێت‌و سەرێشەی لێ نەبڕێت‌و لە هەمان کاتیشدا کوردستان بەگشتی‌و میرنشینی بابان بەتایبەتی لە گێرمەو کێشەو شەڕوشۆڕی بێ‌وەستان‌و دۆخێکی نابووری شڵەقاوی دانەمەزراودا بمێنێتەوە ! ڕاستە رووی ئەدا دەولەتی عوسمانیش ئاوڕی لە میرنشینی بابان ئەدایەوە بەلام ئەویش لەوەدا لەو کردەوەیەیدا لە ئێران نیازپاکتر نەبوو !

بەکورتی هەردوولایان بێ‌وچان هەولیان‌ئەدا ڕێ لە میرنشینی بابان بگرن‌و نەیەلن بووژانەوە بەخۆیەوە ببینێت‌و بگاتە ڕادەیەك پەل بهاوێژێت‌و ناوچەکانی تری کوردستانی ژێردەستیان بخاتە جوولەو بزووتنەوە واتە سیاسەت‌و بەرژەوەندیان لەو ناوچانە بکەوێتە دەریای مەترسی‌یەوە ! ئەمە بەتایبەتی بەسەر ئەوڕەحمان پاشادا ئەسەبێت، چونکە هەردولایان ، واتە دەولەتی عوسمانی‌و ئێران لە هیچ میرێکی بابان نەئەسلەمینەوە وەکو لەو ئەترسان ، ئەوەش بەزۆری لەبەر ئەوەی ئامانجەکانی ئەوڕەحمان پاشا لە چوارچێوەی میرنشینی باباندا ئۆقرەی نەئەگرت‌و ئاشکرا دیاربوو هەولی زۆرتری ئەداو هەموو کردەوەو جوولەیەکی لەوەی ئەکرد نەك خۆی هەر بە میری میرنشینی بابان دانێت بەلکو خۆی بە میراتگری ولاتی کوردەواری دابنێت !

ئەوڕەحمان پاشا وەکو هەموو میرەکانی بابانی پێش خۆی بەبڕواوە سەیری ئێران‌و دەولەتی عوسمانی نەئەکرد ، هەتا ئەمەش میراتێك بوو بۆی مابۆوە ، ناپاکی سیاسەتی ئەم دوو دەولەتە میرەکانی ئەم میرنشینەی لە ماوەی مێژوویەکی درێژدا فێری ئەم ڕاستی‌یە کردبوو . بەلام ئەم

بڕوایێ نەکردنە ئەنجامی نەدا ، لەبەرئەوە ئەورەحمان پاشا ڕێگایەکی تازەی گرت بۆ ئەوەی شتێك بێتەدیو دەستکەوتێك پەیدا بکات میرەکانی پێش خۆی ئەوەیان لەدەست نەهاتێت ! ئەوەبوو هەوڵێکی زۆری دا سەنگێکی قورسو تایبەتی بۆ خۆید میرنشینەکە دەستبخاتو سەربەخۆییەکی گەورەتری دەستکەوێت بەوەی هیچ نەبێت لە چنگ والی بەغدا ڕزگاری بێتو یەکسەر پەیوەندی بە ئەستامبوڵەوە هەبێت ، بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە ئامادەیی پیشەندا ساڵانەیەکی گەلێك زورتر بدات(٤) ! بێ گومان ساڵانەی زۆرتر ئەوەی ئەکەیان بری سەرشانی میللەتی هەژار قورستر بێت چونکە لە گیرفانو ڕەنجی ئەوان ئەو سەرانە زۆرە ئەهاتەدەرێ ، بەلام بەلای ئەوەوە هێنانەدی ئەم ئامانجە ئەو خۆبەختکردنەی ئەهێنا ، چونکە ئەمەی دانابوو بە یەکەم هەنگاو بۆ هێنانەدی ئامانجە فراوانەکانی تری !

لەوە دڵنیا بوو کە ئەم هەنگاوە تاڕادەیەکی گەورە لە ڕکێفی ئێران ڕزگاری ئەکاتو لە سیاسەتی لەسەر دووپەت یاری کردن دووری ئەخاتەوە ، ئەو سیاسەتەی ــ وەکو لەئەنجامی تاقی کردنەوەیەکی مێژوویی دوورودرێژی بابیرانییەوە بۆی دەرکەوتبوو ــ میرنشینەکەی لە دواڕۆژدا بەرەو نەمان ئەبرد ، چونکە هەموو جۆرە یارمەتیو پشتگیری کردنێکی ئەم دوو دەوڵەتە بۆ میرنشینی بابان لە پێشی پێشەوە لەبەر چاکەو سوودی خۆیان بوو !

لەگەڵ ئەوەشا ئەورەحمان پاشا هەوڵیدا یەکسەر پەیوەندی بە ئەستامبوڵەوە بێت بەلام دەوڵەتی عوسمانی هەرگیز قایل نەئەبوو چونکە لەوە دڵنیابوو کە ئەو نیمچە سەربەخۆییەی ئەوڕەحمان پاشا داوای ئەکات

---

(٤) ریچ ــ ل ٦٧

لە دوواڕۆژدا ئەکاتە چی‌و ئەبێتە چی ! کە ئەم جۆرە سیاسەتانە سەری نەئەگرت ئەوسا سیاسەتی شەڕو چەك بەکارهێنان جێگای ئەگرتەوە ، شەڕو هەرای دەوری ئەوڕەحمان پاشاش ئەوەندە زۆر بوو بەڕادەیەك دانیشتن‌و ئاشتی بەخۆیەوە نەئەدی !

میرەکانی بابان بۆ هێنانەدی ئامانجی سەروەزی لە چنگ دەوڵەتی عوسمانی پەنایان ئەبردە بەر برا عەرەبەکانیان‌و هەوڵیان ئەدا بەرەیەك پێك‌بهێنن ، ئەوەبوو عوسمان پاشا (١٧٨٧) لەگەڵ والی بەسرە ڕێك‌کەوت بەڕیازەی شۆڕشێك بەرپا بکەن‌و سەربەخۆیی هەردوولایان بهێننەدی(٥) • ئەوڕەحمان پاشاش لەسەر ئەم ڕێ‌و شوێنە ڕۆیشت‌و ئەم سیاسەتەی گرت ئەوەبوو لە شەری کفری‌دا هەرچەندە سەرنەکەوت‌و خراپ شکا بەڵام لەڕاستی‌دا سەرکەوتنێکی‌تری دەست‌کەوت بەوەی نەك میرە کوردەکان لە هەولێرەوە هەتا دەشتی کرکوك‌و کفری لەتەکیا بوون شەڕیان ئەکرد بەڵکو لەبەرئەوەش شێخی شەمەریش پشتگیری ئەکرد(٦) !

وەکو چون دەوڵەتی عوسمانی‌و ئێران دووڕوویی‌و ناپاکی‌یان پیشانی میرنشینی بابان ئەدا ئەمیش بۆئەوەی ئەو نیمچە سەربەخۆیەی بپارێزێت ناچار ئەو سیاسەتەی ئەگرت [ئەگەرچی لە دوواڕۆژی دووردا بووە هۆی نەمانی میرنشینەکە] • جا هەرچەندە ئەم سیاسەتە تاڕادەیەك سەربەخۆیی میرنشینەکەی ئەپاراست بەڵام ئەبووە هۆی شێواندنی هەستی نیشتمان‌پەروەرێتی میرەکان‌و بگرە هەتا هی میللەتیش [بەوەی نەیان‌ئەتوانی ڕێبازێکی نیشتمان‌پەروەری ئاشکرا بگرن‌و هەمیشە وڵاتیان

---

(٥) لۆنگریك ل ـ ٢٠٢
(٦) دوحة الوزراء ـ ل ٢٥٧

جارێك بۆ ئەملاو جارێکی‌تر بۆ ئەولا دابەش بکەن لەکاتێکدا پێویست‌بوو ئەو هەوڵـە ئاراستەی نیشتمان بکرایە] • شان‌بەشانی ئـەوەش ولاتەکە بەگشتی‌و میرنشینەکە بەتایبەتی ئەبووە مەیانی شەڕی بێ‌وەستان‌و زیانێکی گەورەی لە ئابووری میرنشینەکە ئەداو ویران‌و کاولی ئەکرد • ئەوەتا محمد ئاغا دان‌بەم ڕاستی‌یەدا ئەنێت‌و بە ڕیچ ئەڵێت چۆن ئەتوانم زەوی بکێڵم‌و نازانم سەرۆکەکەم تا ساڵێکی‌تر لەجێی خۆی ئەمێنێتەوە یان نا(٧) ئەمەش واتە دواکەوتن‌و ویران‌بوونی ئابوری ولات ئەبووە کوسپ لـە ڕێی پێشکەوتن‌و گەشەکردنـی میرنشینەکـەداو هێندەی‌تـر هێنانـەدی ئامانجەکـانی لـــە سەربەخۆیی‌و سەرفرازی دوورئەخستەوە ! هـــەر بۆئەوەی بزانین ئەم شەڕو هەرایانە تا چڕادەیەك زیانی ئـــەدا ئەڵێـــن مەحموود پاشا کاتێك شکاو دووایی توانی لێ‌بووردن بۆ خـۆی مسۆگـەر بکات ناچاربوو ٣٠٠ کیسە پارە لەگەڵ بژاردنی هـەموو زیانێـکی ئـەو شەڕە بداتەوە بە دەوڵەتی عوسمانی(٨) • ئەمەش ئەبووە بارێك‌و ئەکەوتە سەرشانی چینی جوتیاران‌و هێندەی‌تـر باری ژیانـی قورسـی ئەکردن ، محمدئاغا دیسانەوە لەمڕووەوە بە ڕێچ ئەڵێت بە هەرجۆرێك‌و بە ناوی هەر شتێکەوە بێت دەیەکی خۆم لە جوتیارەکان ئەسێنم(٩) • ئەگەر شەڕوشۆڕی بێ‌پشوو نەبێت چۆن دەشتێکی بەناوبانگ‌و بەپیتی وەکو بازیان وەهـا کاول‌ئەبێت ڕیچ دەربارەی بنووسێت : ڕووت‌و قووت‌و وێـــران لـــە چـــەند کێلـگەیەك بەولاوە هیچی‌تری تیـــا بەدی‌ناکرێت(١٠) • بەڵام کوشتاری خەڵك‌و خوا ئەوە زیانەکەی لە سنوور بەدەرە ، شەڕەکانی مەغۆلەکان‌و کوشتارەکانیان ئەهێنێتەوە یاد ، هەر بۆنموونە بەســە ئەوە

---

(٧) ڕیچ ـ ل ٦٧
(٨) ڕیچ ـ ل ٤٤
(٩) ڕیچ ـ ل ٦٧
(١٠) ڕیچ ل ٤٤

بلێین کە لەپاش شەڕی کفری منارە لـە کاژەسـەری کوردەکان دروست کرا(١١) ٠

ئەگەر ڕووی بدایە بۆ ماوەیەك ولات و میللەتەکە هەناسەیەکی بدایەو میرەکان و خەلکەکە هەولیان بدایە دەستێك بە ولاتەکـەدا بهێنن و ناهێکی پیابێننەوە ئەوە گورج کاربەدەستانی ئێران ئەهاتنە کایەوەو ئەبوونە ئاگری بن کاو هەرایان دائەگیرسانەوە ، ئاشکرایە ئەوڕەحمان پاشا چاکـەو پیاوەتی یەکـی زۆری بەسـەر عەبدوللا ئاغـای خەزنـەدارەوە هەبـوو لەبەرئەوەی توانی بیکات بە والی بەغدا ٠ [سلێمان پاشـای والی بەغدا رقی لە عبدوللا ئاغای خەزنەداری هەلئەستێـت و لەگـەل تایەر ئاغای جۆقدار هەردووکیان بە دەست بەسەری ئەنێرێتە بەسرە ! پاش ماوەیەك لێیان ئەبوورێت و داوای گەڕانەوەیان لێ ئەکات ! بەلام لە ڕێگا ئەکەونە دوودلی یەوەو ئەترسن لـەوەی والی فێلیان لێ بـکات و بیانکوژێت ، لەبەرئەوە ڕائەکەن و خۆیان ئەگەیێننە شاخەکانی کوردستان ٠ لەبەرئەوەی ئەوڕەحمان پاشا کۆنەدۆستیان ئەبێت ، پەنائەبەنە بەر ئەو ــ هەرچەندە والی بەغدا بەمانە ئەزانێت بەلام زۆر لە ئەوڕەحمان پاشاناکـات دەستیان لـێ هەلگرێت ٠ئەمەش بەلگەیە کە تاجرادەیەك پلەی بەرزبووەو والی یەکانی بەغدا سلیان لێ کردۆتەوە ــ پاش ئەوەی سلێمان پاشا ئەکوژرێت ئەوڕەحمان پاشا بریار ئەدات عبدوللا ئاغا بکاتە والی بەغدا ، بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجـە بەرەو بەغدا ئەکشێ و ئەتوانێ بیکات بە والی و دووایی لە ئەستامبوولەوە فەرمانی دامەزراندنی بەتەواوەتی دێت](١٢) لەبەرئەمە عەبدوللا پاشا لە قسەی ئەوڕەحمان پاشا دەرنەئەچوو ، ئەمە بە دلی کاربەدەستانـی ئێران

---

(١١) لۆنگریك ــ ل ٢٣٣
(١٢) دوحة الوزراء ، ل ٢٥١

نەبوو مەترسی ئەوە دایگرتن ئەمە هێندەی‌تر دەسەڵاتی ئەوڕەحمان پاشا بەرەیێ‌بسێنی ئازادەیەك وای‌لێ‌بكات نەك ئێران بەڵكو لە دەوڵەتــی عوسمانیش سڵ‌نەكاتەوەو بەمەش دوواڕۆژی سیاسەتی ئێران لە ناوچەكەدا بكەوێتە مەترسی‌یەوە • كردەوەكانی ئەوڕەحمان پاشاش زیاتر ئەم ترسەی ئەچەسپاند ، جووڵانەوەو كردەوەكانی ، ئەو سیاســەتەی بەكاری‌ئەهێنــا بەتەواوەتی لەوە ئەچوو كە شاعیری میللی ئەوڕۆژانە (عەلی بەردەشانی) بە شیعر ئەیگێڕێتەوە : نە كاركردن بۆ عوسمانی‌یەكان‌و نە خزمەت‌كردنی ئێران بەڵكو هەوڵدان تەنیا بۆ سوودو خۆشــی وڵات‌و میللــەت(١٣) • لەبەرئەمە ئێران ماوەیەكی درێژ هەولی‌داو فیتنەی گێڕا هەتا دووایی توانی بەینی ئەوڕەحمــان پاشــاو عەبدوڵا پاشــای والی بەغـدا تێك‌بداو شەڕ بە داگیرسانەوە بدات(١٤) • كاربەدەستایی دەوڵەتی عوســمانی‌و نوێنەرەكانی لە بەغدا كردەوەو هەڵوێستیان لە هی ئێران چاكتر نەبوو ، بەلای ئەمانەوە ئەو میرەی تەواو سەری بۆ شۆڕ ئەكردن تا بەحووتە وڵاتیان تاڵان بكردایەو ناوی سەربەخۆیی نەهێنایە ، میرێــكی باش بوو ، بــەڵام ئەو میرەی كەمێك بەتەنگ وڵاتەكەی‌و چاوی لە نەختێك سەربەخۆیــی بووایە ئەو میرە بە میرێكی خراپی گێرەشێوێن‌و یاخی‌بوو دائەنراو خێرا سوپای ئەنێررایە سەرو شەڕو هەرا دائەگیرسایەوە،مێژووی سلێمان پاشاو مەحموود پاشاو ئەوڕەحمان پاشا باشترین نموونەن بۆ ئەم ڕاستی‌یە(١٥)• وەنەبێ هەمووكات دەوڵەتی عوسمانی یان نوێنەرەكانیان لە بەغدا ئەمەیان لەدەست هاتبێت واتە بە سوپاو بە چەك سەریان بە میرەكان شۆڕ كردبێت ، ئەگەر بە شەڕ بۆیان نەئەچووە سەر ئەوسا ڕێگایەكی‌تریان ئەگرت كــە

---

(١٣) گۆڤاری كۆلێجی ئەدەبیات ، ژمارە ١٦ ، ل ٣٨
(١٤) دوحة الوزراء ــ ل ٢٥٣
(١٥) هەمان سەرچاوە ــ ل ١٥٣ـ١٧٥

بریتی‌بوو لە نانەوەی دووبەرەکی لەنێوان میرەکانی باباندا ، ئەوەش زۆری تێ‌نەئەچوو هەمیشە سەری ئەگرت‌و ئامانجی ئەهێنایەدی •
لەم‌ڕووەوە خالفین ڕایەکی نایابی هەیەو ئەڵێت : « لەبەرئەوەی حکومەتی عوسمانی‌و ئێرانی ئەو هێزە جەنگاوەری‌و ئابووری‌یە تەواوەیان نەبوو هەتابتوانن لەڕێیانەوە بەسەر کوردەکاندا سەرکەون ، لەبەرئەوە هەوڵیان‌ئەدا جێ‌پێی خۆیان لە کوردستاندا قایم‌بکەن بەوەی تۆوی دوژمنایەتی لەنێوان خێڵەکاندا بچێنن(١٦) » •

هەرچەندە ئەم ڕاستی‌یە شتێکی تاڵە بەڵام بەتەواوەتی سەری لە بنەماڵەی بابان شێواندبوو هەموو کارو کردەوەو ئامانجێکی‌یانی بە لەناوچوون ئەداو هەمیشە ڕیسەکەی بۆ ئەکردنەوە بە خوری ! دەردی گرانی ئەم بنەماڵەیە ئەندامەکانی‌و دووبەرەکی‌و خۆخۆری‌یان بوو ، خۆخۆری ئەم بنەماڵەیە گەیشتە ڕادەیەك ڕەنگە بتوانین ئەوە بڵێین کە دەوڵەتی عوسمانی‌و دووایش ئێران لە دڵەوەو بەڕاستی لە هەوڵ‌و تەقەڵلای میرەکانی بابان نەترسابن‌و حیسابی زۆر قوڵیان بۆ نەکردبێ‌ن چونکە هەمیشە ئەیانزانی کام چەکی کوشندە دژیان بەکاربهێنن‌و لە چ‌ڕێیەکەوە ئاوبکەن بە ئاگرەکەدا ، دڵنیابوون لەوەی کە زوربەی زۆری بنەماڵەی بابان ئەگەر نەڵێین‌هەموویان چاویان لە میرنشینەکە بووەو هەریەکێکیان ویستویەتی کاربگرێتە دەست‌و لەپێناوی ئەوەدا ئامادە بووە باوك‌و برا بفرۆشێت‌و پاشقولیان لێ بگرێت• هەر لەبەر هێنانەدی ئەم سیاسەتە نالەبارە بوو کە ساڵ دەری دووانزەی مانگی یەکێك لە کەس‌وکاری میری بابان لە بەغا یان لە کرماشاه بە دەست‌بەسەری ئەژیا • بۆئەوەی هەر کە میرەکەی بابان سەری هەڵبڕی خێرا ئەوی بکەن بەگژدا

---

(١٦) خالفین ، ل ٢١

یان لە جێگای ئەوی دابنێن • کارەکە ، یان کارەساتەکە هەر بەمەوە نەوەستا ، بگرە هەتا ئەوانەش کە بنەماڵەی بابان بوونو بەڕێوەبردنی شارەکانیان پێسپێردرابوو تەماع دای ئەگرتنو بۆ کارگرتنە دەست لە سلێمانی خۆیان ئەکردە داردەستی دەوڵەتی عوسمانی !

لەناو گشت میرەکانی بابان بەدرێژایی مێژووی میرنشینی بابان هیچ میرێك وەکو ئەوڕەحمان پاشا لەم دەردەی نەچێشت ، ئەمەش هەر لەبەرئەوە نەبوو ماوەی فەرمانڕەوایەتی ئەوڕەحمان پاشا درێژ بوو یا لەبەرئەوەی لە هەمووان سەرکێش‌تر بوو بەڵکو بەزۆری لەبەرئەوە بوو ئامانجو خواستەکانی ئەوڕەحمان پاشا فراوانتر بوو لە سنووری میرنشینی بابان واتە دەوڵەتی عوسمانی لە ئەوڕەحمان پاشا ئەسڵەمیەوە،لەبەرئەمەش هەمیشە ئەمو ئەو لە کوڕو براو مامەکانی لێ ڕاست ئەکردەوە هەتا نەیپەرژێتە سەر هێنانەدی هەر پرۆژەیەك یان هەر ئامانجێك لەوەپێش دای‌نابێت !

ئاشکرایە ئەوڕەحمان پاشا شەش جار کاری میرنشینی بابانی گرتەدەست لە ساڵی ١٧٨٩وە هەتا ١٨١٣ ئەوساڵەی تیایا مرد • ئەم‌ماوەیە بەلای کەمەوە شەش جار شەڕی گەورە گەورەی تیا ڕوودواوە [باسی شەڕە بچووکە لاوەکی‌یەکان ناکەین] • شەڕەکان شەڕی چارەنووس‌و پاراستنی سەربەخۆیی میرنشینەکە بوون • هەر جار کە سەرکێشی‌و گوێ‌نەگرتنی ئەگەیشتە ڕادەی ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی بخانە دوودڵی‌و ترسەوە ، سوپای گەورەی دەوڵەتی عوسمانی بەرەو سنووری میرنشینی بابان ئەکشا ، هەمووجار زوربەی سەرکردەکانی ئەم سوپایانە خزم‌و کەس‌وکاری نزیکی ئەوڕەحمان پاشا خۆی بوون ! نەك جارێك بگرە چەند جار لە دەربەندی بازیان ئەو دەربەندەی شوورەی پاراستنی

میرنشینی بابان بوو هەر لەو دەربەندەدا وەکو ڕیچ ئەڵێت قایمکاری لـــە هەموو شوێنێکیدا کرابوو(١٧) [ئەوڕەحمان پاشا کردبووی] هەرچەند هێزی دەوڵەتی عوسمانی دەرەقەت نەئەهـات یەکێـك لە کۆنـــە میرە لێخراوەکانی بابان یان مـە خزمــە ناحەزەکانی میری بابان کە شارەزای ناوچەکە بوون ڕێـگای نهێنی پیشانی سـوپای عوسمانی ئـەداو بەوجۆرە لەپشتەوە سوپاو هێزی ئەوڕەحمان پاشا ئابلۆقە ئەدراو کە دەرەقەتیشـــ نەئەهات‌و ئەشکا ناچار ئەبوو خۆی دەرباز بکات(١٨) .

دەردەکە هێندە گران بوو هەتا میرەکانی بابان خۆیان بەشـــەرم‌و بەداخەوە باسیان ئەکرد ، هەر لەم‌ڕووەوە مەحموود پاشا بە ڕیچ ئەڵێ : « ئامانجی ئیمە بەس بەوە دێتەدی ڕشانەوە بکەوێتە ناو بنەماڵەی بابانەوەو لە یەکێك بەولاوە کەسی‌تریان ڕزگاری نەبێت . نەبنەماڵەکەو نە وڵاتەکە کاری ناچێتەسەر مادەم ئەم هەموو ئەندامە بەهێزانەی تیا بێت »(١٩) .

ئەوڕەحمان پاشاش وەکو میرێك یان وەکو مرۆڤێـك کـەم‌و زۆر لەڕووی تەواوی یان ناتەواوی‌یەوە دەوری خۆی ئەبینــی‌و ئەودەورەشـی کاری ئەکردە ڕووداوەکانی ئـەو ڕۆژانـەو تاسیرێشــی بـۆ دوواڕۆژ بەجێ‌ئەهێشت . گومان لەوەدا نی‌یە کە کردەوەیەکی بچووکـی ناتـەواو لەوانەیە هەوڵ‌و تەقەڵلای ساڵەهای سالآنی سەرۆکێك بە ڕووخاندن بدات . بۆ ئەمە ئەڵێین ڕاستە ئەوڕەحمان پاشا پیاوێکی ئیجـگار ئازاو چاونەترس بوو هەتا ناحەزەکانیشی دان بەوەدا ئەنێن ، سەرەڕای ئەوەش لەڕووی سیفاتی سەرۆکایەتی‌یەوە وەکـو لۆنگریـك ئەڵێت هەمـوو سیفاتێـکی

---

(١٧) ریچ ـ ل ٤٢
(١٨) امین زەکی مێژووی سلیمانی ـ ل ١٢٤
(١٩) ڕیچ ـ ل ٢٢٩

سەرۆکایەتی تیادابوو[٢٠] ، بەڵام شانبەشانی ئەمەش چەند خووڕەوشتێکی ناتەواوی هەبوو زیانی بەك هەر لە خۆی بەڵکو لە میرنشینەکەو ئامانجەکانیشی ئەدا ، بۆنموونە ، میرێکی لووتبەرز بوو ، ئەمەش تووشی گێرمەو کێشەی ئەکرد ، هەر لەبەر ئەم لووتبەرزی‌یەی بوو کاتێك یارمەتی عەبدوڵلا ئاغای خەزنەداری داو کردی‌یە والی بەغدا [وەکو پێشان باسمانکرد] خۆی لەو بە گەورەترو گرنگتر دائەنا بەڕادەیەك بە ئارەزووی خۆی ئەجوولایەوەو گوێی نەئەدایە فەرمانو خواستی عەبدوڵلا پاشا ، هەر ئەمەش بوو یارمەتی حاکمی کرمانشاهی دا لەمکونەوە ڕێگای خۆی بدۆزێتەوەو بتوانێت دڵی عەبدوڵلا پاشای لێ کرمێ بکاتو دووایی بە شەڕیان بداتو سەرلەنوێ شەڕدابگرسێتەوە ، کە دوای ئەمەش بە یارمەتی حاکمی کرمانشاه گەڕایەوە سلێمانی لووتبەرزی گەیشتە ئەو ڕادەیەی هەتا لە دامەزراندنی مووچەخۆرێكدا بە قسەی حاکمی کرمانشاه نەکات[٢١] ، ئەم گوێ‌نەدانە بە دیپلۆماسیەت کە خووی میرەکانی بابان بوو : بووبوە دەردێكو شانبەشانی دەردی لەسەر دووبەت یاری‌کردن ئەڕۆیشت ، ئەمانە لەژێرەوە بەنهێنیو بەهێواشی بناغەی میرنشینەکەیان ئەڕووخانو بەرەو نەمانیان ئەبرد !

جگە لەمەش خۆپەرستی لە پلەیەکی بەرزدا بوو ، بۆ نموونە لە شەڕی کفری کە دواشەڕی بوو هەرچەندە ئازایەتی‌یەکی بێ‌هاوتای پیشاندا بەڵام کە هاتە سەر شکاندن هەڵهاتو سوپاکەی بێ سەرۆك بەجێ‌هێشتو بەقڕدانی‌دا ، ئەمین زەکی لە ڕووی سوپایەوە دەستی ڕەخنەی بۆ درێژ

---

(٢٠) لۆنگریك ل ـ ١٧٨

(٢١) دوحة الوزراء ـ ل ٢٥٢ـ٢٥٣

ئەکـات(٢) ، بەڵام تاوانەکـەی لـەڕووی ڕەوشتەوە گەلێـك زیاتـرە ، بەتایبەتی لەو ڕۆژانەدا کــە کردەوەی وەها بەتاوانو گوناهێکی بێپایان دائەنرا ، ئەگەر هەر میرێکیتر بوایە لە جێگای ئەوڕەحمان پاشا کــە ناوبانگی هەموو شوێنێـکی گرتبۆوەو ڕێزێکی تایبەتـی لای میللــەت هەبوو ، هەریەکێکیتر شتی وەهای لێ بوەشایەوە جارێکیتر بۆی نەئەکرا بە سەری بەرزەوە لەسەر تەختی میرنشینی بابان دانیشێتو ناوی میـری میران لە خۆی بنێت !

جگە لەمانەش میرێـکی قینئەستوور بوو ، بەڕادەیــەك لەوانــەبوو سوودی میرنشینەکەی پێ بخاتە ئەولاوەو بەرچاوی بگرێتو هەڵەشــەیی وەهەی پێ بکات چارەنووسی خۆیو میرنشینەکەی پێ بخاتە مەترسییەوە ، هەر لەبەرئەوەی ڕقی لە محەمەد پاشای کۆیە بوو ، لەگەڵ ئەوەشا کـە محمد پاشا بە دەنگییەوە هاتو بەخۆیو سوپایەوە فریای کەوت کەچی فێڵی لێ کردو هێنایە دەشتی کەرکوكو لەوێ پەلاماریداو کوشتی . ئەمە نەك هەر لەگەڵ خووڕەوشتی خێڵایەتیو کوردایــەتی بەیەکــا نەئەلــکان بەڵکو لەوە زیاتر ئەبووە هۆی ئەوەی میرەکانیتری کوردستان بڕوایان بێ کەمبێتەوەو ئەوەی ڕاستیش بێت ئەوڕەحمان پاشاو میرنشینی بابان لــەپێش هــەموو شتێکەوە بۆ هێنانەدی ئامــانجی سەربەخۆیی ، پێویستی بە بڕواو یارمەتی ئەو میرانەی ولاتی کوردەواری هەبوو . جگە لەوەی کردەوەی وەها ئەبووە هۆی تێکچوونی پەیوەندی لەگەڵ والـی بەغاو هەر ئەوەش زوو هاتەدی ئەوەبوو لەسەر ئەم ڕووداوە شەڕ لەگەڵ بەغا داگیرسایەوەو ولاتی کوردەواری جارێکیتر تووشی دەردو کوشتار بوو(٢٣) .

(٢٢) امین زەکی مێژووی سلێمانی ــ ل ١٣٦

(٢٣) گیو موکریانی : حکمدارانی بابان ــ ل ١٤١

پێویسته دان بەوەدا بنێین کە چەند هۆیەکی‌تریش هەبوون ئەبوونە کۆسپ‌و ڕێگای هاتنەدی ئامانجەکانی ئەوڕەحمان پاشایان ئەگرت • ڕاستە هێزو دەسەڵاتی میرنشینی بابان لە دەورو زەمانی ئەمدا وەکو نەوار ئەڵێت گەیشتە لوتکەی هەرەبەرزی[٢٤] ، بەڵام بۆ چارەڕەشی ئەوڕەحمان پاشاو میرنشینی بابان هەر لەم‌دەورەدا دەوڵەتی عوسمانی خەریکی خۆکۆکردنەوەو خۆچەسپاندن بوو بێ وەستان زۆر بەگورجی هەوڵی ئەدا بناغەی مەرکەزی‌یەت لە ئیمپراتۆریەتەکەیدا دامەزرێنێت‌و لە پەشێوی‌و لاوازی ڕزگاری بکات • هەر لەم‌ڕۆژانەش‌دا زوربەی زۆری ئەو والیانەی کاریان لە بەغدا ئەگرتە دەست زۆرزان‌و دووربین‌و لێ‌هاتو بوون‌و لە سیاسەت‌دا قاڵ بووبوون • بەکورتی نەوار وەسفێکی جوانی دەسەڵات لە بەغدا ئەکات‌و ئەڵێت « فەرمان‌ڕەوایی والیەکانی بەغدا لە هەڕەتی لاویتی‌دا بووە »[٢٥] • هەر لەبەرئەمەشە ئەبینین ئەو هەموو هەوڵ‌و کۆششەی ئەوڕەحمان پاشا دای‌و ئەو هەموو خۆبەخت کردن‌و ماڵ‌وێرانی‌یە بەدوایدا هات ئەنجامی نەبوو ، بەڵام لە سەرێکی‌ترەوە ئەو هەوڵ‌و خەباتەی ئەوڕەحمان پاشا بووە هاندرێك بۆ نەوەکانی پاش خۆی ، بگرە بووە باڵ‌پێوەنەرێك بۆ داگیرساندن‌و تیژبوونی هەستی نیشتمان‌پەروەریتی‌و ڕزگاربوون لە چنگ دەوڵەتی عوسمانی • [عەلی بەردەشانی شاعیری میللی ئەو ڕۆژانە ، باسی ئەوڕەحمان پاشاو شەڕەکانی بە هەڵبەست بڵاوئەکردەوەو هەستی میللەتی پێ ئەخرۆشان[٢٦]] •

ئەوەبوو نەوەکانی هەوڵیان‌ئەدا هەوڵەکانی ئەوڕەحمان پاشا دووبارە

---

(٢٤) نوار ـ ل ١٢٣
(٢٥) هەمان سەرچاوە ـ ل ١٢٢
(٢٦) گۆڤاری کۆلێجی ادبیات ، ژمارە ١٦ ـ ل ٣٨ـ٣٩ (ووتارێکی د• عزالدین مصطفى) •

بکـەنەوە ، ڕەنگە هەوڵەکانیان لە سنورو هێزی ئەوەی ئەوڕەحمان پاشادا نەبووبێت ، بەڵام هەوڵەکە هەر هەوڵدان بووەو ئامانجەکە ئەگەر ئـەو کڵپـەیەی نەمابێت بـەڵام ژیلەمۆکەی هەر مابوو . ئـەوەتا ئەدمۆنـدز ئەنووسێت : « کیانی ئەوڕەحمان پاشا هەتا لەپاش مردنیش هـەر مایەوە ، ئەوەبوو پاش مردنی بـە ٣١ ساڵ پاشـایەکی‌تری بابان [ئەحمەد پاشـا ١٨٣٨ – ١٨٤٧] سوپایەکی بچـووکی مەشق پێ‌کراوی لـە سوپای ئەوروپایی چووی پێک‌هێنا(٢٧) .

ئەگەرچی بزووتنەوەکانی ئەوڕەحمان پاشا لەسەر بناغەی میرنشینێکی دەرەبەگایەتی دامەزرابوو بەڵام بە ئامانج‌و بە ناوەروکی پێشکەوتوو بوو و هەڵگری داخوازی میللەت بوو . لەم‌ڕووەوە خالفین ئەنووسێت « لـە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم‌دا کوردەکان بەتیژی بەرهەڵستی سیاسەتـی دەسەڵات دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی‌و شایان ئەکرد ، تێ‌ئەکۆشان بۆ پاراستنی سەربەستی خۆیان . لە کوردستانی خوارووەدا ئەوڕەحمان پاشا ڕاپەرینێکی بەرپاکرد [١٨٠٦ – ١٨٠٨] ماوەی سێ ساڵ دەوامی کرد ، ئینجا دەوڵەتی عوسمانی بە شەڕەشەق‌و بـە یارمەتی سەروکـە کوردە خۆفرۆشەکان توانی بەسەریا سەر کەوێت(٢٨) » .

هەر هەوڵ‌و کۆششی ئەوڕەحمان پاشا بوو تەوژمێکی نوێی خستە گیانی میرنشینی بابانەوەو بۆ ماوەیەکی درێژ تاسیرو ناوو بۆن‌و بـەرامی هەر مایەوەو بوو بە ترووسکەیەك ڕێـگای ڕووناك ئەکردەوە :

ئەدمۆندز دان بەم‌ڕاستی‌یەدا ئەنێت‌و پاش دەیەها ساڵ کاتێك دێتـە شاری سلێمانی ئەنووسێت :

---

(٢٧) ادموندز – ل ٥٥
(٢٨) خالفین – ل ٢٠

« هەتا ئەمڕۆش بۆنی دەورو ڕۆژانی ئەوڕەحمان پاشا دێت » .

بەڵام ئەو هەموو تێکۆشانە ئەنجامەکەی داڕزان‌و نەمانی میرنشیی بابان بوو ، میرەکانی بابان لابران‌و مووچەخۆری تورك کەوتە بەڕێوەبردنی پایتەختەکەی کە شاری سلێمانی بوو ، تێکۆشان‌و ڕاپەڕینی ئاشکرا دژی دەوڵەتی عوسمانی بووە ڕق‌و کینەو لە دڵو دەروون‌دا نیشت ، بە نەمانی میرنشینی بابان هەتا ماوەیەکی درێژ بزووتنەوەی ڕزگاری کورد لەو ناوچەیەدا کپ بوو ، بەڕادەیەك هەتا خێڵێکی دڕی وەك هەمەوەندەکان کە مێژووی بەربەرەکانیان‌و ناحەزیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی دوورو درێژەو ئاشکرایە هەتا ئەوانیش وەکو سۆن ئەڵێت کزبوون(٣٠) .

ئەوڕەحمان پاشا سەرەڕای هەموو ناتەواوییەك ، سەرۆکێکی لێهاتوو بوو وەکو چۆن لە ژیانی‌دا دۆست‌و دوژمنی ناچار کردبوو ڕێزی لێ بگرن وەهاش ئەو ڕێزە پاش مردنیشی هەر مایەوە ، ئەوەبوو پاش مردنی پیاوە ناودارەکانی کورد داوایان‌کرد یەکێك لە کوڕەکانی [مەحموود پاشا] لەجێی دانیشت ، هەرچەندە کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی حەزیان لەمە نەئەکرد بەڵام ناچار دایان‌نا چونکە ناوی ئەوڕەحمان پاشا زۆر گەورەو بەسام بوو .

---

(٢٩) ادمونذز ـ ل ٥٤

(٣٠) سون رحلة متنكر ـ ل ٢٢٢

سەرچاوەکان

١ ـ رسول الكركوكلي : دوحة الوزراء من تاريخ وقائع بغداد الزوراء • بيـــروت •

٢ ـ عبدالعزيز سليمان نوار : داود باشا والي بغداد ـ القاهرة ١٩٦٨ •

٣ ـ كلوديوس جيمس ريچ ـ رحلة ريچ ، ترجمة • بهـاء الدين نوري ، بغداد ١٩٥١ •

٤ ـ س • هـ • لونكريك : اربعة قرون من تاريخ العـراق الحـديث ، ترجمة جعفر خياط بغداد ١٩٦٢ •

٥ ـ محمد امين زكي : تاريخ سليمانيو ولاتى ، بغداد ١٩٣٩ •

٦ ـ الميجر سون : رحلة متنكر ، ترجمة فؤاد جميل ، بغداد ١٩٧٠ •

٧ ـ گيو موكرياني : تاريخى حكمدارانى بابان ـ رەواندز ١٩٣١ •

٨ ـ عزالدين مصطفى رسول : گۆڤارى کۆلێجی ئەدەبیات ـ ژمـــارە ١٦ بەغدا ١٩٧٣ •

٩ ـ ن • ئا • خالفين ـ خـەبات لە رێی کوردستاندا مۆسکۆ ١٩٦٣ (بەرووسی) •

١٠ـ س • ج • ادموندز ـ کورد ، تورکو عەرەب ـ لندن ١٩٥٧ (بـە ئینگلیزی) •

میرنشینی پاشای کۆرە

هۆی بەرزبوونەوەو ڕووخانی

هەرچەندە مێژووی میرنشینی سۆران لە ڕەواندز کۆنەو ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی زۆر دوورتر لە ڕۆژانی حوکمدارێتی میر محمدی ڕەواندزی واتە « پاشا کوێرە » ، بەڵام قەت ئەو هێزو دەسەڵاتەی بەخۆیەوە نەدیوە کـە لە زەمانی پاشا کوێرە ١٨٢٠ ـ ١٨٣٦دا بەخۆیەوە دی • ڕاستە شاری ڕەواندز هەر لە زۆر کۆنەوە ، لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە شارێکی قایم‌و خاوەن ڕۆشنبیری بووە(١) ، بەڵام لە دەوری پاشا کوێرەدا بووە پایتەختی میرنشینێکی گەورەی بەهێزو ناوبانگێکی گەورەی پەیدا کرد • میرنشینێك دەسەڵات‌و هێزی گەیشتە ڕادەی ئەوەی ببێتە هەڕەشـەو مەترسـیەکی گەورە بۆ میرنشینەکانی دراوسێ‌ی‌و هەردوو دەوڵەتی عوسمانی‌و ئێران• بۆ چەند ساڵێك وەکو ئەستێرە گەشایەوەو دۆست‌و دوژمن هەزار حسابی بۆ ئەکرد ، کەچی لەبڕ کوژایەوە • بەجۆرێك بووە دیاردەیەکی سـەیر لە مێژوەکەمانا • بەدرێژایی مێژووەکەمان ، میرنشینی کورد هـەبووە ، دەوری لاوازی‌و دەسەڵاتیان بەسەراهاتووەو دیوە ، بەڵام هیچیان وا بـە

---

(١) ستيفن همسلي لونكريك ، اربعة قرون من تاريخ العراق الحـديث بغداد ١٩٦٢ ، ل٧ •

جۆری میرنشینی سۆرانی پاشا کوێرە زوو بەرزنەبووەوەو وەها زووش نەکــەوت •

جا ئەگەر کەمێك ووردبینەوە ، ئەبینین کە چەندهۆیەك ، گەورەو بچوك کۆبوونەوە تا ئەو میرنشینە بەوجــۆرو شــێوەیە دامــەزرێت ، هۆیەکانیش ئەمانەن :ـ

بێ گومان جۆری هەڵــکەوتنی ناوچەکــە دەورێــکی بــاڵای لــە دروستکردن‌و پەرەسەندنی میرنشینی ڕەواندزی پاشا کوێردا هــەبوو • شوێنەکەی شاخاوی‌و زۆر سەختە ، زوربەی ئەو گەرۆکانــەی بەوێــدا ڕۆشتوون باسیان کردوەو بە یەکێك لە شوێنە هەرە سەختەکایان داناوە ، جا شوێنێك وەهابێت ، لە دەستدرێژی‌و پەلامــاردانی هــەموو جــۆرە کاربەدەستانێك چاوی ناترسێت‌و پشتی بەوە قایمە کە سروشتەکە پارێزگاری ئەکات‌و دەستی یارمەتی لە کاتــی‌تەنــگانەدا بۆ درێــژ ئەکــات ، ئــەو کاربەدەستەی سەرکێشی ئەکات‌و پەلاماری ئەدات ئەبێ زیانێکی زۆری لێ بکەوێ • هەر بۆنموونە مولتکە ئەنووسێت کە داگیرکردنی قەڵایەکی بچووکی قەدپاڵی شاخەکان‌و لووتکەکانی کوردستان « ٣٠ ـ ٤٠ » ڕۆژی ئەوێت(٢) • ئەی بۆ شوێنێکی وەکو ڕەواندز چەندی ئەوێت ؟

جگە لەوەش یەکێك لە ڕێگا هەرە گرنگەکانی کــاروان بــەلای ڕەواندزدا تێ‌ئەپەڕی ، ئەمەش لەسەرێــکەوە دەسەڵاتێکی سیاسی ئەدایە ، لە سەرێکی تریشەوە لە ڕێ‌ی باج‌و سەرانەوە سامانێــکی زۆری بۆ ئەهێنا ، لەمانەو لە شتی‌تر پاشا کوێرە ئەو سامانەی کۆکردەوە کە میلنگن ناوی گەنجی لێ ئەنێت‌و سوڵتان تەماعی تێ‌کردو بردی بۆ خۆی(٣) • ئــەو

---

(٢) ص • آ • خالفین ، صراع من اجل کردستان ، موسکو ١٩٦٣ ، ل٤٦
(٣) میجر فریدریك میلنگن، حیاة بدائیة بین الاکراد ، لندن ١٨٧٠ ، ل ٨١٧ •

سامانە بۆ هێنانەدی گەلێك ئامانجی نەتەوەیی یان کەمی ئەتوانرا بەکاربهێنرێت ، ئەو سامانە دەورێکی گەورەی دی هەتا پاشاکوێرە بتوانێت ئەو هەموو تۆپ‌و قەڵاو پردانە دروست بکات •

لاوازی دەوڵەتی عوسمانیش هۆیەکی‌تر بوو بۆئەوەی میری سۆران چاوی نەترسێت‌و دەست بهاوێژێت‌و سنووری میرنشینەکەی فراوان بکات • دەوڵەتی عوسمانی وەها لاوازو ڕسوا بووبوو ، هەتا کوردەکان ـ وەکو فرایزر ئەڵێت ـ حسابیان بۆ نەئەکردو بە یەك سەعات هەولێریان داگیرکرد[٤] • هەر لەماوەیەدا محمد علی گەورە بووبووە خاوەنی میسرو سوریای داگیرکردبوو هەڕەشەو بەرهەڵستی بەریتانیا نەبووایە هەتا ئەستامبوڵ ئەچوو • لەولاشەوە میرنشینی بۆتانی بەدرخان پاشا پەرەی‌سەندبوو لە گەشەکردنا بوو • جا ئەمانە لاوازیەکەی دەوڵەتی عوسمانیان دووقات ئەکرد ، تا وای لێهات استعماری بەریتانیا ناچار داوا لە والی بەغدا بکات یارمەتی میری سۆران بدات ، تا دەوڵەتی عوسمانی بتوانێت لەڕووی محمد علی‌دا بوەستێت[٥] •

دۆخی سیاسی ناوەوی ئەو ڕۆژانەش یارمەتی دەرێکی‌تر بوو بۆ ئەوەی میرنشینی سۆران وەها زووبەزوو تەشەنە بکات • ئەوەبوو میرنشینی بابان کە بەهێزو دەسەڵاتترین میرنشینە کوردەکان بوو تەواو لاواز بووبوو بەرادەیەك میرەکەی پێی نەکرابوو میوانداریتی میوانێکی وەکو فرایزەری گەڕۆك بکات[٦] • لەبەرئەوە بەلای دەوڵەتی عوسمانی‌یەوە شتێکی ناخۆش

---

(٤) جیمس بیلی فریزر ، رحلة فریزر الی بغداد ١٨٣٤ ، بغداد ١٩٦٤ ، ل٢٠ •

(٥) د• عبدالعزیز سلیمان نوار، داود باشا ، القاهرة ١٩٦٨ ، ل١٠٣

(٦) فریزر ، ل ٢٠ •

نەبوو هێزێکی‌تر دروست بێت شوێنی بابانەکان پڕبکاتەوەو ببێتە دیوارێـك لە ڕووی ئێراندا ، ئەمە وای‌کرد دەوڵەتی عوسمانی لە سەرەتادا چاو لە دەستدرێژی‌و تەشەنەی دەسەڵاتی میری سۆران بپۆشێت . کە هەستیشی بەوە کرد بووەتە مەترسی‌یەکی گەورەو کاتێك دەسەڵاتی پەیداکردەوە ، ئەوسا لێی ڕاست‌بووەوەو دەستی لێ وەشاند .

هەروەها شەخسیەتی پاشا کوێرەی میری سۆرانیش دەورێکی ئێجگار باڵای هەبوو لە پێگەیشتن‌و پەرەسەندنی میرنشینی سۆراندا ، بەڵگەش ئەگەر هیچمان پێ نەبێت ، بەسە ئەوە بڵێین کە پێش پاشا کوێرە دەسەڵات‌و هێزی ڕەواندز قەت نەگەیشتە ئەو ڕادەیەی کە لە ڕۆژانی پاشاکوێرەدا هەیبوو ، خۆ پاش ئەویش میرنشینەکەی سۆران تەواو کوێر بووەوە . هەر لە منالی‌یەوە ڕقی ئەوەی لە دڵدا کۆبووبۆوە کە ئەیدی چۆن دووبەرەکی‌و تەڵە بۆ یەکنانەوەی مام‌و خزمەکانی میرنشینەکەی بەرەو داڕزان ئەبرد ، ئەمە تەواو کاری تێ‌کرد[٧] ، کارتێ‌کردنێك هەر لە منالی‌یەوە چاوی لەوەوە بێت ڕۆژێك لە ڕۆژان کار بگرێتە دەست‌و سەربەخۆو دەست بەرەڵلا بێت تا بە ئارەزووی خۆی باری میرنشینە لەق‌بووەکە ڕاست بکاتەوەو بیجەسپێنێت.هەر ئەم هەستەش لە دڵو دەرونیا بووە دڵ‌ڕەقی ، دڵ‌ڕەقی‌یەك بەکاری‌ئەهێنا نەك هەر وەك ڕێگایەك ببیات بەرەو هێنانەدی ئامانج‌و خواستەکانی ، بەڵکو لای بووە خوو هەرچەندە زۆر کاری بۆ ئاسان کردو لغاوی سەرکێش‌ترین خێڵە کوردەکانی بێ کرد[٨]و میرنشینەکەی بەخێرایی‌و لە ماوەیەکی کورتدا چەسپان‌و سنووری فراوان کرد ، بەڵام لە دواڕۆژدا بۆی بووە

---

(٧) سەرچاوەی پێشوو ، ل٣١ .

(٨) علاء الدین سجادی ، شۆڕشەکانی کورد ، بەغدا ، ١٩٥٩ ، ل ٦٤

ەیەی زیان • دڵڕەقی‌یەکەی لە لایەك ، دادپەروەری‌یە سەرزاری‌یەکەش لە لایەکی‌ترەوە ، ناوبانگێکی ئەوتۆی بۆ هێنا ، هەتا میری سۆران بێتە ئەفسانە،کۆبوونەوەی ئەم دوو سفەتە واتە وەکو میلنگن ئەڵێ‌داگیرکەرو یاسادانەر(٩) لە میری سۆراندا،یارمەتی‌دا لەو ماوە کورتەدا ئەو میرنشینە بەهێزو فراوانە دروست بکات • بەو دڵرەقی‌یەی وای کرد دزو جەردە لە وولاتەکەدا نەمێنێ ، زەبرو زەنگی گەیشتە ڕادەیەك هەتا بێگانەکان بە بێ‌پرسینەوە نەیان‌ئەوێرا پێ بخەنە سنووری میرنشینەکەوە • ئەمن‌و ئاسایشی میرنشینی سۆران بوو بە نموونەو لەسەر هەموو زبانێك بوو ، ئەوترا ئەگەر جاران ئەوەی هێلکەیەکی بەدەستەوە بووایە ئەکوژرا ، بەلام لە ڕۆژانی پاشا کوێرەدا دەستی پڕ لە زێڕ نەئەترسا(١٠) • بێ‌گومان ئەمە یارمەتی ئەدا دۆخی ناوەوەی میرنشینەکە بەگشتی بووژێتەوەو کار بکاتە سەر خووڕەوشتی دانیشتوان‌و ، بەڕادەیەك گەلێك لە گەڕۆکەکان هەستیان بەوە کردووەو دانیان بەوەدا ناوە کە هەر پێ بخرایە سنووری میرنشینەکەوە ، ئەوە هەست بە جیاوازی‌خووڕەوشتی خەڵکەکە ئەکرا • ئەمە ئەوەندەی‌تر میرنشینەکەی ئەچەسپان‌و یارمەتی فراوان‌بوونی ئەدا •

جا ئەم‌دۆخەی وەها لەپڕ بۆ میری سۆران هاتەدی بێ‌دەنگی دەوڵەتی عوسمانی،هەست بە هێز کردن‌و لە خۆ بایی‌بوون ، هانی میری سۆرانی دا بەوەوە نەوەستێت‌و هێندەی‌تر پەل بهاوێژێت •

ئەمانە هەمووی لە لایەك ، لە لایەکی‌تریشەوە ئەو هێزە سوپایی‌یەی هەیبوو ، لەوەی نەئەکرد هی میرنشینێکی بچووك بێت بەڵکو زیاتر لەوەی ئەکرد هی نیمچە دەوڵەتێك بێت نیازی گەورەبوونی هەبێت • سوپاکەی

---

(٩) میلنگن ، ل ٩ •
(١٠) سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٨٥ •

زۆر بەهێزو بەزەبت بوو ، هەر ژمارەی پاسەوانە تایبەتی یەکانی خۆی ۳ هەزار کەس بوون[11] • لەمەش زیاتر هیچ میرنشینێک نە لەپێش پاشای کوێرەداو نە لەپاش ئەو بەوجۆرە چەکی قورس واتە توپی بەکارنەهێناوە ، یەکەم جار بوو ، تۆپ بەو ژمارە زۆرە بەکاربێت ،بگرەکارگەی تۆپ و جبەخانە دروستکردنی لە شاری رەواندز دامەزراند ، جا گومان نی یە کە ئەمە هەیبەتێکی تەواوی دایەو ترسی خستە دڵی دراوسێ یەکانی یەوەو یارمەتی دا بەئاسانی لەشەرەکانی دا سەرکەوێت و سنووری میرنشینەکەی فراوان بکات •

دۆخی سیاسی دەرەوەی ئەوڕۆژەش باڵی ئەدا بە میری سۆرانەوە پێشکەوێت و وەها خێرا بێتە سەر شانۆی رووداوەکان و میرنشینی سۆران پێ بکات • ئاشکرایە هەر لە زۆر کۆنەوە دەوڵەتی عوسمانی و ئێران لەسەر دەست بەسەرا گرتنی میرنشینە کوردەکان لە شەڕو هەرادا بوون ، کە هیلاکیش ئەبوون و لە شەڕکردن ئەکەوتن ، ئەوسا لە ڕێی میرنشینە کوردەکانەوە ئەچوون بەگژیەکداو پیلانەکانی خۆیان ئەهێنایە دی • لەو ڕۆژانەدا دەوڵەتی عوسمانی لاواز بوو ، بەڵام کەوتبووە سەر سەودای ئەوەی مەرکەزیەت بچەسپێنێ • بەڵام هەتا ئەوڕۆژە هات ئەم نیازە بهێنێتە دی ، بەناچاری چاوی لە تەشەنەکردنی میرنشینی سۆران ئەپۆشی • هەر لەوڕۆژانەدا داود پاشا والی بەغدا بوو ، لە دڵەوە ڕقی لە بابانەکان بوو ، ئەیویست و هەوڵیشی ئەدا لە ناویان بەرێت ، چونکە قەت میرنشینێکی کوردی وەک میرنشینی بابان نەبووە ، بوو بێتە مایەی سەرێشەو مەترسی بۆ دەوڵەتی عوسمانی و والی یەکانی بەغدا ، جا بەلای داود پاشاوە شتێکی باش بوو میرنشینی رەواندز لەسەر حیسابی بابان گەورە بێت • کە بابانەکانیش

---

(۱۱) فریزر ، ل ۱۲ •

بەرەوارە بوون دەستی ئێران بەمە شکا ،جا هەتا ئێرانیش پێی‌خۆش‌بوو سۆران بێتە کایەوە بەمەرجێ لەژێر ڕکێفی خۆی‌دا بێت‌و لەئاست دەوڵەتی عوسمانی قوتی‌بکاتەوە ، بەتایبەتی ئێران خۆشی لەم‌ماوەیەدا بەشەڕی ڕووسەوە سەرقاڵ بووو ئەگەر پێشپێویستایە بۆی نەئەکرا ئاوڕلە میرنشینی ڕەواندزو پەرەسەندنی بداتەوە(١٢) .

جا ئەم دۆخە سوودێکی بێ‌هاوتای بوو بۆ میری سۆران‌و هانی‌دا بە هەر چوار لادا پەل بهاوێژێت‌و لە کەس سڵ‌نەکاتەوە بەڵگەش ئەوەیە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا ، میری سۆران ئەم‌و ئەو میرنشینی داگیر ئەکرد ، کەچی ڕووی نەدا دەوڵەتی عوسمانی یان ئێران یاخود والی بەغدا هەڕەشەی لێ‌بکەن یان چاوێکی سووری پیشان‌بدەن .

دوواشت ئەوەیە کە میرنشینەکانی دەوروبشتی لە دۆخێکی لاوازی داڕزاودا بوون بەهۆی نەخۆشی‌یە کۆنەکەی میرنشینەکانی کورد ، واتە دەردی دووبەرەکی‌و فیتنەبازی‌و تەڵە بۆ یەك نانەوەو یەکتری خواردنەوە . لەکاتێك‌دا پاشا کوێرە خەریکی ئەوەبوو بە دەستێکی ڕەق ئەو نەخۆشی‌یانە لە میرنشینەکەی‌دا لەناوبەرێت ، یەکە یەکە میرنشینە دراوسێ‌یەکانی داگیرکرد . گەورەترین دەستکەوت داگیرکردنی میرنشینی ئامێدی بوو . بەمە ناوبانگێکی تەواوی بۆ خۆی پەیداکرد ، چاوی گەلێك میری تری ترساند ، چونکە ئامێدی زۆر سەخت بوو ، داگیرکردنی وەها ئاسان نەبوو ، جگە لەوەی ناوچەیەکی گەلێك دەوڵەمەند بوو . ئەوی ڕاستی‌بێ میری سۆران بە داگیرکردنی ئامێدی چەند پلەیەك بەرزبۆوە . نموونەیەکی تریش ، جاران دەسەڵاتی میری بابان تادەشتی حەریری بن‌دەستی ڕەواندز گەیشتبوو ، بەڵام لە زەمانی پاشای

---

(١٢) سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١ .

کوێرەدا دەسەڵاتی ڕەواندز گەیشتە ڕانیەی بنهەنگڵی بابان • بەمجۆرە ، لە ئەنجامی ئەم هۆیانەدا ، پاشای ڕەواندز ، توانی میرنشینی سۆران بەوجۆرەی ئەیویست دامەزرێنێت • هەر لە سەرەتاوە هەوڵی‌دا ، دامەزراندنەکە لەسەر شێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت •

پاشا کۆرە هەر لە منالی‌یەوە خولیای سەربەخۆیی لە سەردا بوو(١٣) ، سەربەخۆیی ئامانجی هەرە گەورەی بوو ، زوربەی گەڕۆکو مێژووناسەکان دانیان بەمەدا ناوە ، سۆن لەمڕووەوە ئەڵێت « ئەمیش وەکو ئەو [واتە پاشای کوێرەش وەکو ئەوڕەحمان پاشای بابان] چاوی لە سەربەستی‌و سەرفرازی میللەتەکەیەوە بوو(١٤) • سەربەخۆییەك لەگەڵ سنووری ئاواتە گەورەکانی یەك بگرنەوە • دوور نی‌یە لاوازیی بێ‌دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی‌و ئێران وای لێ کردبێت چاو ببڕێتە ئەوەی ببێتە هاوشانیان ، کردەوەکانیشی ئەمەی دووپات ئەکردەوە • لاسایی ئەوانی ئەکردەوەو لافی ئەوانیشی لێ ئەدا • قەڵا دروست‌کردن‌و سکە لێدان‌و کردنەوەی کارگەی چەك‌و جبەخانە(١٥) ، دانانی پایەو سیفاتی دادپەروەری بە خۆ دان‌و بەستنی پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ محەمەد عەلی‌ی میسردا کە گەورەترین دوژمنی دەوڵەتی عوسمانی بوو ، ئەمانە ، لە ڕاستی‌دا ، دەری‌ئەخەن کە میری سۆران خەیاڵی زۆر دوور ڕۆیشتوە ، بەتایبەتی دەوڵەتی عوسمانی

---

(١٣) صالح قەفتان ، مێژووی نەتەوەی کورد لە کۆنەوەتا ئەمڕۆ ، بەغدا ١٩٦٩ ، ل ٢٩٨ •

(١٤) ی•ب•سون ، رحلة تنكرية في ميسوبوتاميا وكردستان ، لندن ١٩١٢ ، ل ٣٧١ •

(١٥) حسين حزني موكرياني ، موجز تاريخ امراء سوران ، ترجمة : محمد الملا عبدالكريم ، بغداد ١٩٦٧ ، ل ٣٩ •

له باتی هەڕەشەو سزادان هـات ڕوتبەی میری میرانی پێ بەخشیو[١٦] ئیرانیش دانــی بەســەربەخۆیی میرنشینەکەیدانا[١٧] ، وەکو میرنشینێك نەك وەکو دەوڵەتێك چونکـە دەوڵەتــی فارســـ ئەگەرچــی حەزی بــە زیان‌و نوشوستی دەوڵەتی عوسمانی ئەکرد بەڵام ڕازی نەئەبوو ئەوەشــ له خۆی بقەومێت •

سنووری میرنشینەکە لە ماوەیەکی کەمدا زۆر فراوان بوو • ئامێدی ، زاخو ، ئاکرێ ، کۆیە ، ڕانیە ، هەولێری گرتەوە ، لەولاشەوە گەیشتە جزیرەو ماردین‌و لەملاشەوە گەیشتە پردێ (ئاڵتون کۆپری)[١٨] ، هەرچەندە سۆن ئەڵێ کـە سنووری گەیشتە نزیك کــەرکوك[١٩] • بەخۆڕایش پەلاماری (زەنگار) سنجاری داو خەڵکێکی زۆری کوشت • ئەوی ڕاستی بێت ، هەرچەندە دڵڕەقی لە داگیرکردنی ئـەم ناوچانــەدا بەکارئەهات ، بەڵام بە دەستێکی ئاسنین دابینیکـردو بەجۆرێك وەکـو لۆنگریك ئەڵێت ڕێکخستن‌و زەبتکردنی وەهایان قــەت بەخۆیانـــەوە نەدیبوو[٢٠] •

ســاڵی ١٨٣٦ ســاڵی ڕمـــان‌و ڕووخـــانی کوێری میرنشینە بەشەوکەتەکەی سۆران بوو • کورتە سەرنجێك بۆمان دەرئەخات بۆچــی وەها ڕووخا ؟

---

(١٦) محمــد امین زەکی ، خلاصــة تاریخ الــکرد وکردستان ، القاهرة ١٩٣٩ ، ل ٢٢٩ •

(١٧) حسین حزنی ، ل٣٩ •

(١٨) یو٠ر٠های ، سنتان في کردستان ، لندن ١٩٢١ ، ل١٩١ •

(١٩) سون ، ل٣٧٢ •

(٢٠) لونگریك ، ل٢٨٩ •

دەوڵەتی عوسمانی بە هەموو هێزێکی‌یەوە هەوڵی ئەدا تەوقـــی هەڕەشەو مەترسی میسری محەمەدعەلی گەورە لە مل خۆی داماڵێـت ٠ سیاسەتی جیهانی ئەوڕۆژەش واتە بەریتانیا کە دەوری گەورەی ئەدی ، لەگەڵ سیاسەت‌و خواستی دەوڵەتی عوسمانی‌دا یەکی‌ئەگرتەوە ٠ دەوڵەتە ئیمپریالیستی‌یەکان دەستیان خستبووە کاروباری دەوڵەتی عوسمانی‌یەوە ، لەژێر پەردەی پاراستنی کەمایەتی‌یە ئاینی‌یەکاندا ئەم دەست‌تێ‌خستنەیان ئەشاردەوە ٠ بەریتانیا نەی‌ئەویست دەوڵەتـی عوسـمانی لـەوە زیاتـر لاوازبێت ، لەبەرئەوە چۆن دژی محەمەد عەلی‌ی میسر وەستا وەهاشـــ دژی میری سۆران ڕاوەستا ، هانی دەوڵەتی عوسمانی‌و ئێرانی ئەدا پەلاماری سۆران بدەن ٠ کە کێشەکەی میسر تەواوبوو ئەوسا دەوڵەتـی عوسـمانی دەستی بەتاڵ بوو هەموو هێزی ئاراستەی میرنشینی سۆران کرد ٠ بۆ ئەم نیازە هەر بەوەوە نەوەستا هێزێکی تایبەتی خۆی لە ئەستـــەمبووڵەوە بـــە سەرکردایەتی ڕەشید پاشا بنێرێت ، بەڵـکو داوای لـە والـی بەغـداو مووسڵ‌کرد ئەوانیش بەشداری ئەو گەمارۆدانە بکەن ٠

ئێران لووتی لەوە ئەخورا سوود لەم دووبەرکی‌یـە وەربگـرێ‌و جێ‌پێ‌ی خۆی لە ڕەواندز قایم بکات ، بەڵام هـــەر لەم‌کاتـــە ئاڵـۆزو ووردەدا ،میری سۆران ، ئەوەی بە هەل زانی عوسمانی‌یەکان خەریکی خۆکۆکردنەوە بوون ، لەم‌ماوەیەدا لەجیاتی ئەوەی پەلامـاری بـدات ، پەلاماری چەند ناوچەیەکی ئێرانی دا(٢١) ٠ ئەم کورت‌بینی‌یـەی میری سۆران وای‌کرد ئێران تەواو دڵی لێ بیـس بکـات‌و بچێتە سـەر ڕاو داخوازی بەریتانیاو ڕازی بێت بەیەکەوە لەگەڵ دەوڵەتـی عوسـمانی‌دا پەلاماری میری سۆران بدەن ، ئەوەی باش بوو دەوڵەتی عوسمانی کـە

---

(٢١) خالفین ، ل٤٧ ٠

لە هەموو جۆرە تەدەخولێکی ئێران نەسڵەمی‌یەوە لە کوردستان‌دا قایـل نەبوو دەست بخاتە دەستی‌ئێرانەوە[٢٢] • میری سۆران کورت‌بینی‌یەکەی هێندەی‌تر تۆخ‌کرد بەوەی دووبەرەکی مەزهەبی خستە نێوانەوە ، واتـە نەی‌ئەویست پەتی سیاسەت بگرێت‌و سوود لە دووبەرەکی‌ی نێوان دەوڵەتی عوسمانی‌و ئێران بینێ ، هەر لەبەرئەوەی ئێران شیعە مەزەب‌و دەوڵەتی عوسمانی وەکو خۆی سونی مەزەب بوو[٢٣] • هەرچۆنێك بێت دەوڵەتی ئێران قەت دەروون‌و سیاسەتێکی پاکی بەرامبەر میرنشینی ڕەواندز نەبوو • وەکو جەلیلی جاسم باسی ئەکات پێش ئەوەی بەریتانیا بتوانێـت ئێـران‌و دەوڵەتی عوسمانی ڕێك‌بخات ئێران خێرا نزیکەی ١٠ هەزار چەکداری ناردە سەر کوردەکان[٢٤] • هەتا ڕوسیاش لەم ڕووداوانەوە دوورەپەرێز نەوەستاو دەستێـکی لە دەستی تورکیاو بەریتانیاو دەستەکەی‌تریشی لــە دەستی ئێران‌دا بوو و لەوڕووەوە یارمەتی‌دا[٢٥] • لەناوچوونی هێزەکەی محەمەدعەلی میسری ، واتە کشانەوەی لە سوریا ، زیانێکـی گەورەی بۆ میری سۆران هێنا • میری سۆران پێوەندی لەگەڵیا هەبوو ، ئیبراهیم پاشای سەرکردەی لەشکری محەمەد عەلی لە میسر چەک‌و جبەخانەی ئەنارد بۆ میری سۆران ، سوپاکەسی بەگوشتی مەڕی کوردستان ئەژیا[٢٦] •

هۆیەکی تریش بووە کۆسپ لەڕێگای میرنشینی سۆراندا ئەویشـ

---

(٢٢) د• عبدالعزیز سلیمان نوار ، تاریخ العـراق الحـدیث ، القاهرة ١٩٦٨ ، ل١٠٥ •

(٢٣) سەرچاوەی پێشوو •

(٢٤) جەلیلی جاسم ، کوردەکانی دەوڵەتی عوسمانی نیوەی یەکـــەمی سەدەی نوزدەهەم (بە ڕووسی) مۆسکۆ ١٩٧٣ ، ل١٠٠ •

(٢٥) سەرچاوەی پێشوو ، ل١١٠ •

(٢٦) سەرچاوەی پێشوو ، ل٩٧ •

کۆمەڵگای کوردی ئەوڕۆژە بوو ، ئاشکرایە کۆمەڵگای ئەوڕۆژانەی کورد خێڵەکی دەرەبەگایەتی بوو • هەموو میرنشینێك خۆی بە سەربەخۆ دائەناو بگرە مافی میرنشینەکەی وەکو دەمەلوجی ئەڵێت بە مافێکی پارێزراو دائەنا(٢٧) ، جا کە میرێکی کورد بهاتایە میرنشینێکی‌تری داگیر بکردایە بەوە هەستی خێڵایەتی ئەورووژا ، خۆ ئەگەر لەو داگیرکردنەدا دڵڕەقی بەکاربهاتایە ئەوە خوێن ئەکەوتە ناوەوەو تووی دوژمنایەتی‌و تۆڵەسەندن ئەچێنرا • جا هەڵەی گەورەی میری سۆران هەر داگیرکردنی میرنشینەکانی دوەروپشتی نەبوو ، بەڵکو ئەو دڵڕەقی‌یە زۆرەش بوو کە بەکاری ئەهێنا • لە شەڕی ئامێدی‌دا خێڵێکی هەر لەبەرئەوە قڕکرد کە ئازایانە بەرهەڵستیان کرد(٢٨) •

لەتاو دڵڕەقی‌و زەبرو زەنگی میری سۆران ، ئەم ناوچانە بەناچاری سەریان شۆڕ کرد ، بگرە بە نابەدڵی بەشداری شەڕەکانیشیان ئەکرد ، بەڵام هەمیشە چاوەڕوانی تۆڵەسەندن بوون ، کە ئەو ڕۆژەش هاتە پێشێ‌و دەوڵەتی عوسمانی پەلاماری میری سۆرانی دا ، خێرا پشتیان کردە میری سۆران • هەستی نیشتمانپەروەریش ئەوەندە بەهێز نەبوو تا ئەوەیان پیشانبدات کە نوشوستی میری سۆران‌و سەرکەوتنی دەوڵەتی عوسمانی زیانی میللەتەکەو دواڕۆژی نیشتمانەکەی تێدایە •

بەرزفڕی‌یەکەی میری سۆران ئەوەندە بەهێز بوو ، لەوە ئەچوو چاوی بەرایی نەدا ، میرێکی‌تری ناودار لەتەک ئەودا هەبێت • ئەمە بەرەو ڕێگای ناراست‌و کردەوەی چەوت ئەیبرد ، ئەگینا لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ میرنشینێکی گەورەی بەهێزی وەکو میرنشینی بۆتانی بەدرخانی‌یەکان

---

(٢٧) صديق الدملوجي ، امارة بهدينان ، الموصل ١٩٥٢ ، ل٤٧ •
(٢٨) فريزر ، ل٢٦ •

ڕێک کەوێت ، ئەو میرنشینەی خەریکی خۆکۆکردنـەوە بـوو بەنیـاری تانەوەی شۆڕشێکی گەورە دژی دەولەتی عوسمانی ، لەجیاتی ئەمە پەلاماری بۆتانی‌داو ویستی مولکەکانی زەوت بکات • بەوە دلی بەدرخانی‌یەکانی لە خۆی ڕەنجان‌و دۆستێکی بێ‌هاوتای لەکیس خۆی دا • هەروەهـــا سیفەتی دڵڕەقی میری سۆران بە زیان بـۆی شـکایەوە ، ڕاسـتە ئـەو دڵڕەقی‌یە لە سەرەتادا چاوی زۆری ترسان‌و ئـەرزی بۆ تەخت‌کـرد میرنشینەکەی بچەسپێنێ‌و خێرا سنوورەکەی فراوان بکات ، بەلام واشی کرد خەلکی لێی بترسن‌و خۆشیان نەوێت • پەلاماردانەکەی بۆسـەر زەنگار (سنجار)و کوشتنی هەزارەها کەس‌و بەدیل‌گرتنی سـەدەها منداڵ‌و ئافرەت(٢٩) ، ئەمە لە ناوزڕاندن بەولاوە هیچی‌تری بۆ نەهێنا •

ئەگەر ئاوڕێك لە کردەوەکانی میری سۆران بدەین‌و بزانین چی بۆ میللەت کرد ، ئەبینین ئەوەش هۆیەکی‌تری نوشوستی میری سۆران بوو • ڕاستە وولاتەکەی پڕکرد لـە قـەلا ، پردێـکی زۆری لەسـەر ڕووبارەکان دروست‌کرد (کە بۆهاتوچۆی سـوپاکانی بـوو) ، بـەلام قوتابخانە ، مزگـەوتێك ، حوجرەیەکی نەکردەوە • ئەو هەموو شەڕو شۆڕانەش ئەیکردن زیانێکی زۆری بۆ میللەتەکە هێناو بێزاری کرد • میللەتەکە خۆی لەخۆیا ڕەش‌وڕووت بـوو ، ئەو شەڕانـەو ڕاگرتنـی سوپایەکی گەورەی وەکو سوپاکەی میری سۆران میللەتەکەی خستبووە ژێر بارو ئەرکێکی گرانەوە ، خەرجی ئەو سوپایە لـە گیرفانی میللەت ئەهاتەدەرێ،هەموو شەو سەد تا دووسەد سەرەك عەشرەت لە دیواخانەکەیا نانیان ئەخوارد ، بە دوو قیمەت چەك‌و جبەخانەی ئەکڕی(٣٠) • هەرچی

(٢٩) صديق الدملوجي ، ل٤٥ •
(٣٠) محمد امين زكي ، تاريخ الدول والامارات الكردية ، القاهرة ١٩٤٥ ، ل٤١١ •

خەرجی‌یەکی ئاسان بوایە لە گیرفانی خۆی ئەیدا ، بەلام خەرجی‌یە ئەورەکان وەکو مووچەی هەموو ئەو سەربازو ئەفسەرانە ، قەلاو پرد دروستکردن لە باج‌و سەرانەی میللەتەوە بوو(٣١) . زوربەی گەڕۆکەکان لەوە ئەدوێن کە میللەتەکە رەش‌وڕووت بووە . ڕۆس ئەنووسێت : « میللەتەکە هەژارو نەخوێنەواربوو ، دەوڵەمەندەکانیش وەکو دەوڵەمەندەکانی بەغدا خۆیان ئەگۆڕی(٣٢) .

کورت‌بینی میری سۆران لە سیاسەتدا هۆیەکی‌تری ئەو لەناوچوونە خێرایەی بوو ، ئەگەرچی ئازاو بەزەبرو زەنگ بوو ، بەلام لە سیاسەتدا کورت‌بین بوو بەڕادەیەك بڕوای بە بەڵێنی بەریتانیاو دەوڵەتی عوسمانی دوژمنی کردو خۆی دا بەدەستەوە . هەر ئەوەندەی هەستی کرد زروف بۆ ئەو نی‌یە سەری لێ‌تێک‌چوو وازی‌هێنا ، نەك وەك سەرۆکێکی خاوەن ئامانج بەڵکو وەکو یەکێك لە ڕەعیەتەکانی سوڵتان چاوەڕوانی لێبووردن‌و بەخشندەیی سوڵتان بێت . ئەگینا هەرچەندە ئایینی بوو بەڕادەیەك هەڵبەرکێی ڕەشبەڵەکی قەدەغەکردو ئاین هەمیشە دەورێکی بالای لە ژیانیا ئەدی ، بەلام ئەو هۆیانەی باسمان کردن دەوریان گەلێك لە ئاین بەهێزتر بوو بۆ خستنی میرنشینی سۆران . ڕێ‌ی‌تێ‌ناچێ میرنشینێکی وەها بەهێزو دەسەلات بە فتوای مەلایەك وەها زوو بڕمێت ، چونکە ئەوی ڕاستی بێت میری سۆران ، کاتێك دەوڵەتی عوسمانی پەلاماری‌دا ، خۆی بڕیاری شەڕوەستاندن‌و خۆ بەدەستەوەدانی دا . بەلگەش ئەوەیە ئەحمەد بەگی برای بڕیاری بەرهەڵستی دابوو و بۆئەمەش داوای لە سوپاکە کرد کە کێ شەڕی ناوێ لابداتە لای کاکی (میری سۆران)و مەلای

---

(٣١) حسین حزنی ، ل٦٠ .

(٣٢) محمد امین زەکی ، تاریخ الدول والامارات الکردیة ، ل٤٠٨ .

خەتێ (خاوەنی فتواکە) ، ئەوەی شەڕیشی ئەوێت لابداتە لای ئەو ، لەئەنجامدا لە چەند کەسێك بەولاوە کەسی تر لای نەدایە لای میری سۆرانو زوربەی سوپاکە بەئەفسەرو سەربازەوە لایان‌دایە لای ئەحمەد بەگ[٣٣] . مێژووی میرنشینەکانی کورد ، دەری‌ئەخات ئەوەندەی میرنشین بووە ، ئەوەندش ڕاپەڕین بووە . بابانەکان جارەهای جار دژی دەوڵەتی عوسمانی هەستاون ، بەڵام ڕووی‌نەداوە ئەو ڕاپەڕینانە بە فتوایەك لەناوبچن . هەر پاش پاشای کوێرە ،دوو راپەڕیی گەورەی کورد ، لە میرنشینی بۆتانو دوایی لە شەمزینان ڕووی‌داو دەوڵەتی عوسمانی‌یان هێنایە لەرزین ، هەردوکیان کوژێنرانەوە ، بەڵام بە فتوا نا .

هەرچۆنێك بێت قەڵاکانی میری سۆران ، لە مێژووی کوردا ، نیشانەن کە ئەو میرە ڕۆژێك لەڕۆژان هەوڵی سەرفرازی داوە .

---

(٣٣) حسین حزنی ، ل٦٦ـ٦٧ .

سەرچاوەکان :

١ ـ محمد امين زەكي ، خلاصة تاريخ الكرد وكردستان ، القاهرة ١٩٣٩

٢ ـ محمد امين زەكي ، تاريخ الدول والامارات الكردية ، القاهرة ١٩٤٥

٣ ـ د٠ عبدالعزيز سليمان نوار ، داود باشا ، القاهرة ١٩٦٨ ٠

٤ ـ د٠ عبدالعزيز سليمان نوار ، تاريخ العراق الحديث ، القاهرة ١٩٦٨ ٠

٥ ـ ستيفن همسلي لونكريك ، اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث ، ترجمة جعفر خياط ، بغداد ١٩٦٢ ٠

٦ ـ صديق الدملوجي ، امارة بهدينان ، الموصل ١٩٥٢ ٠

٧ ـ جيمس بيلي فريزر ، رحلة فريزر الى بغداد ١٨٣٤ ، بغداد ١٩٦٤ ٠

٨ ـ علاء الدين سجادى ، شۆڕشەکانی کورد ، بەغدا ١٩٥٩ ٠

٩ ـ صالح قفطان ، مێژووی نەتەوەی کورد لە کۆنەوەتا ئەمرۆ ، بەغدا ١٩٦٩ ٠

١٠ـ حسين حزنى المكريانى ، موجز تاريخ امراء سوران ، ترجمة محمد الملا عبدالكريم ، بغداد ١٩٦٧ ٠

١١ـ ي٠ر٠هاى ، سنتان في كردستان ، لندن ١٩٢١ (باللغة الانكليزية)

١٢ـ ي٠ب٠سون ، رحلة تنكرية في ميسوبوتاميا وكردستان ، لندن ١٩١٢ ، باللغة الانكليزية ٠

١٣ـ ميجر فريدريك ميلنگن ، حياة بدائية بين الاكراد ، لندن ١٨٧٠ ، باللغة الانكليزية ٠

١٤ـ م٠ا٠خالفين ، صراع من اجل كردستان ، موسكو ١٩٦٣ باللغة الروسية ٠

١٥ـ جليلي جاسم ، اكراد الدولة العثمانية في النصف الاول من القرن التاسع عشر ، موسكو ١٩٧٣ (باللغة الروسية) ٠

لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزووتنەوەی

بەدرخان پاشـــا

١٨٤٢ ـ ١٨٤٧

لەوڕۆژانەدا کە بزووتنەوەکەی بەدرخان پاشا بەرپا بوو ، کوردستان لەنێوان دوو ئیمپراتۆریەتی چاوبرسی‌دا دابەش کرابوو ، ئیمپراتۆریەتی فارس‌و عوسمانی . هەردوولایان لەمێژەوە لەسەر دابەش‌کردنی کوردستان لە مشتومڕو شەڕو هەرادا بوون . کوردستان بۆ هەردوولایان نەوەکـو هەر وڵاتێکی شاخاوی‌و خاوەنی ستراتیجی‌یەتێکی گرنگ بوو ، بەڵکو وڵاتێکی بەپیت‌و خاوەنی میللەتێکی ئازاو شەڕکەریش بوو .

هەردوو ئیمپراتۆریەتەکە بۆئەوەی میللەتی کـورد یەك‌نـەگرێ ، هەمیشە کنەیان دەکردو میرنشین‌و دەرەبەگە کوردەکانیان دەکرد بەگـژ یەکدا ، هەوڵیان‌دەدا میللەتی کورد وەکو چۆن پارچە پارچـەو دابەشـی کراوە بەچەند میرنشینی دەرەبەگی ، هەروەهاش بمێنێتەوەو لاوازتـــر بکرێن‌و دوژمنایەتی‌ی ناوخۆ لەکەڵـکیان بخات تا قووت‌دانیان ئاسانتر بێ‌و نەیەڵن یەك‌بگرن‌و لەڕووی‌یەکێك یا هەردوو ئیمپراتۆریەتەکەدا بوەستن . یەکێتی‌ی گەلی کوردو پەیدابوونی کوردستانێکی یەکگرتوو نەوەکو هەر کوردستانی لەکیس‌دەدان بەڵکو هێزێکی سێ‌یەمیشی بۆ دروست دەکردن

که ڕاستەوخۆ هەڕەشەی لە بەرژەوەندییە سیاسیو ئابووریو سوپایییەکانیان دەکردو دوواڕۆژیانی دەخستە مەترسییەوە .

هەر لە ساڵی ١٥١٦ەوە بە پیلانی سوڵتان سەلیمو هەوڵو کۆششی مەلا ئیدریسی بتلیسی زوربەی کوردەکانو میرنشینەکانی کورد لایاندایە لای دەوڵەتی عوسمانی ، سوڵتانی عوسمانی ناوبراو بەڵێنیدا کە ئەو میرنشینە دەرەبەگییانەی کورد سەربەخۆ بنو پشتاوپشت بۆ نەوەکانیان بمێنێتەوە ، بەمەرجێك سەرانەو باجێکی ساڵانەی کەم بدەن ، بەڵام لەکاتی پێویستا سەرباز بنێرن بۆ سوپای دەوڵەتی عوسمانی . بەم جۆرە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردو میللەتی کورد لەباتی ئەوەی بەرەو یەکێتیو یەکگرتن بچن بەرەو دابەشبوونو داپچڕان چوون ، ئەمەش ئەنجامێکی باشی نەدا ، ڕەنگە ئەنجامەکەی باش بووایە ئەگەر یەکێك لەو میرنشینانە بەهۆی هێزو دەسەڵاتی تایبەتیی خۆیەوە بیتوانیایە میرنشینەکانیتری کوردستان داگیربکاو بیخانە ژێر دەسەڵاتی خۆیو ، بەوجۆرە یەکێتیی کوردو یەکگرتنی کوردستانی بهێنایەتەدی ، وەکو چۆن لە دوواڕۆژێکی دوورا هەر بۆ نموونە ئیتالییاییەکانو ئەڵەمانەکان هێنایانەدی ، بەڵام ئەمە ڕووینەدا ، چونکە نیازو مەبەسی سوڵتان سەلیمو هەموو سوڵتانەکانی دووای ئەو بریتیبوو لە لەناوبردنو قووتدانی میرنشینەکان ، جا یا لە ڕێی هێزو سوپای دەوڵەتی عوسمانییەوە ڕاستەوخۆ ، یاخود لەڕێی ئەوەوە کە دووبەرەکیو شەڕو هەرا لەنێوان میرنشینەکانی کوردا داگیرسێنێو هەردوولایان لاواز بکاو دووایی هەردووکیان قووتبدا .

لە ساڵی ١٨٢٨دا سوڵتان مەحموودی دووەم ویستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ببووژێنێتەوەو بەرگێکی نوێی بەبەرابکاو مەرکەزیەت

بچەسپێنێ • لەمساڵەدا لەئەنجامی ئەو سیاسەتەی بەرامبەر بە میرنشینەکانی کورد بەکاردەهات ژمارەی ئەو میرنشینانە تەواو کزبووبوو ، تەنیا چەند میرنشینی مابوونەوە کە هەرە گەورەو گرنگەکانیان میرنشینێ بابانو سۆرانو بۆتان بوو ، بە سەرۆکایەتی بەدرخان پاشا(١) •

بەدرخان پاشا هەستی بە مەترسی ئەو سیاسەتە کردبوو ، لەبەرئەوە هەر لە ساڵی ١٨٢١ەوە (محەمەد ئەمین زەکیهاتی لە ساڵی ١٨٢١دا دادەنێت ، بەڵام لە لاپەرەیێکیتردا دەڵێ ئەو ساڵە ڕاست نییە(٢)) کە کاروباری میرنشینەکەی گرتە دەست ، کەوتە خۆی •

سوڵتان مەحموود ، بۆ هێنانەدی ئامانجەکەی هەوڵیدا مەرکەزیەت بچەسپێنێ ، بۆ ئەمە پەلاماری میرنشینە کوردەکانی دا ، سەرۆکە کوردەکانی لابردو تورکی لەجێیان دانا • جا ئەگەر دەوڵەتی عوسمانی ئەم کارەی پەسند کردبێو بە شتێکی باشی دانابێ ، بەڵام ئەم حوکمی ئەفەندییانەو سوپاکانیان بەلای جووتیارو گاوانەکانەوەو بۆ دەسەڵاتی میرەکانی بۆتانو بادینان شتێکی باش نەبوو(٣) • ئەمە هەستی ناڕەزایی لای میرو دەرەبەگەکان ، وە لای خەڵکی وڵات وورووژاند • میرەکان لەبەرئەوەی ئەو مافانەیان لێ سەندرایەوە ، کە پشتاوپشت بۆیان

---

(١) بۆ زانیاریی‌تر لەمبابەتەوە ، سەیری ڕۆژنامەی «کوردستان ١٨٩٨ ـ ١٩٠٢ » ژمارە (٨) ، (٩) ، (١١) ، (١٣) ، (١٤) بکە • کۆکردنەوەو پێشەکیی دوکتور کەمال فوئاد ، بەغدا ، ١٩٧٢ •

(٢) محمد امین زەکی ، خلاصة تاریخ الکرد وکردستان ، القاهرة ، ١٩٣٩ ، ص ٢٥٠ ـ ٢٥٢ «ترجمه من الکردیة الی العربیة محمد علي عوني » •

(٣) س•هـ•لونگریك ، اربعة قرون من تاریخ العراق الحدیث ، ط٣ ، بغداد ، ١٩٦٢ ، ص٨٨٧ « ترجمه من الانکلیزیة الی العربیة جعفر خیاط » •

مابووەوە ، وە بەمە لە بەرژەوەندیوهەستی نەتەوایەتی‌یان درا ، میللەتیش لەبەرئەوەی لەئەنجامی ئەم کارەدا ڕاستەوخۆ کەوتە بەردەم دەسەلاتی تورکە دڵڕەقەکانو باری سەرشانی هێندەی‌تر قورس بوو • جاران لەژێر دەستی میرەکانی خۆیاندا بوون کە پێوەندی‌ی عەشیرەتی بەیەکەوە دەیبەستن‌و بە یەك زمان دەدوان ، بەلام ئیستە کەوتە ژێردەستی تورکێکی بێگانەوە ، دڵڕەقانە دەیچەوساندنەوە ، باجو سەرانەیێکی بێ‌ژماری خستبوە سەریان ، ئەمانیش بەرژەوەندی‌یان کەوتە مەترسی‌یەوە ، وە هەستی نەتەوایەتی‌یان وورووژا •

سوڵتان مەحموود هەر بەمەوە نەوەستا ، دەیویست سوپایێکی بەهێزیش دروست‌بکا ، وە بۆ ئەم مەبەستە کەوتە سەربازگرتن لە کوردەکان ، ئەمانە دۆخەکە یان ئەوەندەی‌تر وورووژاندو بەرەو تەقانیان بردو هۆیێکی گەورە بوون بۆ ڕاپەڕینەکەی بەدرخان پاشا • مینۆرسکی دەنووسی : داگیرکردنی کوردستان بەم‌جۆرە نوێ‌یە ، هۆیێك بوو بۆئەوەی بۆ یەکەم‌جار ڕاپەڕینێکی نەتەوەیی بە سەرۆکایەتی بەدرخان بتەقێتەوە لەساڵی ١٨٤٣ – ١٨٤٦دا(٤) •

سیاسەتەکەی سوڵتان مەحموود بۆ چەسپاندنی مەرکەزیەت هەر بۆئەوە نەبوو دەوڵەتی عوسمانی ببووژێنێتەوەو بیبانەوە دۆخی جارانی ، بەلکو بۆ لەناوبردنی میرنشینەکانی کوردیش بوو ، هەر لەبەرئەمەش ئەم سیاسەتە بۆ میرە کوردەکان ناوەرۆکێکی نەتەوایەتی وەرگرت ، لە لەبەرئەوەی ڕوخساری کوردایەتی لەو میرنشینە کوردانەدا

---

(٤) ف٠ف٠ مینورسکی ، الاکراد ـ ملاحظات وانطباعات ، بغداد ، ١٩٦٨ ، ص٢٦ « ترجمه من الروسیة الی العربیة وکتب مقدمته وعلق علیه الدکتور معروف خزنەدار » ٠

کۆبووبووەوە • بوونی ئەم میرنشینانە ، ئەوهەستە نیشتمانپەروەری‌یەی کەوتبووە جموجۆڵ لەناو میرە کوردەکان‌و دەستەو تاقمە هوشیارەکانی کورد ، ئەو قین‌و داخەی لەناو دڵ‌و دەروونی چینی زەحمەتکێش‌و جووتیارەکانا دژی دەوڵەتی عوسمانی ڕەگی داکوتابوو ، ئەمانە هەمووی هەڕەشەیێکی گەورەی بۆ دەوڵەتی‌عوسمانی دروست کردبوو ، لابردن‌و نەمانی ئەو میرنشینانەو سەر بە کورد شۆڕکردنی کردبووە کارێکی پێویست •

هەر لەم سەردەمەو لەم ساڵانەی‌دا هێزێکی‌تر لە دەوڵەتی عوسمانی بەگشتی ، وە لە کوردستانا بەتایبەتی چالاکانەسەری دەرهێنابوو ، ئەویش گورج‌و گوڵی ئیگلیزە ئەمپریالیستەکان بوو •ڕووسیای قەیسەری زۆر لەمێژەوە دەوری لە کوردستان‌دا دەدی ، وە کنەی لە دەوڵەتی عوسمانیا دەکرد • بەڵام لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمەوە ، کوردستان بووە مەیدانی زۆرانبازی‌یێکی سەخت لەنێوان ڕووسیاو بەریتانیاو دووابەدوواشیانا ئەمەریکا ، پێش ئەوەی بەدرخان پاشا دەست بە بزووتنەوەکەی بکا ، بە چەندەها ساڵ بەریتانیا دەستی خستبووە کوردستانەوە ،میسیۆنێرەکانی (بعثة دينية) لەژێر پەردەی بڵاوکردنەوەی ئایینی دیانی‌دا ، گەڕۆکە مەدەنی‌و سوپایی‌یەکانی بە ناوی گەڕان‌و پشکنینەوە بە هەر چوار قوڕنەی کوردستانا گەڕابوون ، نەخشەی کوردستان‌و عەشرەتەکانیان کێشابوو ، گرنگیەتی کوردستانیان چی لە ڕووی ئابووری ، وە چی لە ڕووی سوپایی‌و ستراتیجی‌یەوە بۆ ئاشکرا بووبوو • ئیمپریالیزمی بەریتانیا وەکو ڕووسیای قەیسەری بوونی ئاسووری‌و ئەرمەن‌و کلدانی‌یان لە کوردستانا بەتایبەتی کردبووە داردەست بەنیازی جێ پێ قایم‌کردنی خۆیان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی‌داو لووت خستنە ناو کاروباری ناوەوەی • لە زۆر شوێنی‌کوردستان‌دا لەناو ئەو کەمە نەتەوەیی‌و ئایینیانەدا قوتابخانەیان

کردبووەوە ، نەك بەنیازی ئەوەی میللەتێکی دوواکەوتوو لە ڕووی خوێندەواری‌یەوە پێش‌بخەن ، بەلکو بۆ چاکەو سوودو ستراتیجی‌یەتی دوڵەتەکانیان بوو(٥) ٠

سیاسەتی قەبەو ناقۆلاو کۆنەپەرستو ڕەگەزپەرستی کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر بەو کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌و ئایینیانەو پرۆپاگەندەی ئایبی ئیمپریالیستەکان لە ڕێی میسیۆنێرەکانیانەوە وای کردبوو ئەوانە ڕووبکەنە ئیمپریالیستەکانو چاویان لە یارمەتی‌و پاراستنیانەوە بێ ، جا ئیمپریالیستەکان کە هەمیشە چاویان لەو ڕۆژەوە بوو ئیمپراتۆری‌یەتە نەخۆشەکەی عوسمانی بەلادابێ‌و لاکەکەی لەناو خۆیاندا دابەش‌بکەن ، ڕازی نەدەبوون ، بەتایبەتی بەریتانیا کە لەم وولاتە لاوازو بێ‌هێزەدا بزووتنەوەیێکی ڕێکوپێك‌و خاوەنی ئامانجێکی نیشتمانی ڕەوان پەیدا بێ ، لە بەشێکی هەرە گرنگی‌ئەو ئیمپراتۆری‌یەتە واتە لە کوردستان لە ناوچەی بۆتان دامودەزگایێکی بەهێزو نوێی تێدا دامەزرێ‌و ڕستەکەی ئەو بکاتەوە بە خوری ٠ لەبەرئەمە پەیدابوونی میرێکی نیشتمان‌پەروەری وەکو بەدرخان پاشا کە چاوی نەك هەر لە سەربەخۆیی میرنشینەکەیەوە بوو ، بەلکو ئامانجی دەوڵەتێکی کوردستانی سەربەخۆ بوو(٦) فراوانتر لە کوردستانی عوسمانی ٠

پەیدابوونی میرێکی واو خاوەنی ئامانجی وا لەگەڵ ئامانج‌و مەبەسی ئیمپریالیستەکانا ڕێك‌نەدەکەوت ٠ لێرەدا دەوڵەتی عوسمانی‌و

---

(٥) م٠س٠لازاریێف ، کوردستان‌و مەسەلەی کورد ، مۆسکۆ ، ١٩٦٤ ، ل٤٤ «بە زمانی ڕووسی» ٠ (بۆ زیاتر زانین دەربارەی ئەم میسیۆنێرانە سەیری «لازاریێف ل٤٤-٤٧» بکە) ٠

(٦) شاکر خصباك ، المسالة الكردية ، بغداد ، ١٩٥٩ ، ص٢٥ ٠

ئیمپریالیستەکان دژی بزووتنەوەی رزگاری خوازی کورد بە سەرۆکایەتی بەدرخان پاشای میری بۆتان یەکیان‌دەگرتەوە .

لە دەوروبەری ساڵی ١٨٤٣دا ئەو زرووفە سیاسی‌یەی کوردستانی تێدابوو ، وای‌دەکرد کە بزووتنەوەی رزگاری‌ی کورد لە بۆتان کۆبێتەوەو بەهێزبێتەوە لەبەرئەوەی بەهێزترین‌و گەورەترین میرنشینی ئەوسای کورد بوو ، لەبەرئەوەش سەرۆکێکی ئازاو هوشیاری نیشتمان‌پەروەری بۆ دروست بووبوو ، لەبەرئەوەش میرنشینە بەهێزەکانی‌تر وەکو میرنشینی ڕەواندزی پاشا کۆرە ماوەیێك لەوەپێش بە دەستی دەوڵەتی عوسمانی لەناوچووبوو ، میرنشینی بابانیش تەواو لاواز بووبوو ، جا هەر ئەم زرووفانەش وای‌کرد دەوڵەتی عوسمانی هەموو هێزو توانای خۆی ئاراستەی میرنشینی بۆتان‌و بزووتنەوەی رزگاری‌خوازی کورد لەوێ بکا .

فراوانی بزووتنەوەکە ، ڕووداوەکانی ، ئاماتجە نیشتمانی‌یەکانی ، دەست‌تێخستنی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان ، ئەمانە هەموو بوونە هۆی ئەوەی بزووتنەوەکە لە چوارچێوەی کوردستانی عوسمانی وەکو ڕووداوێکی ناوخۆ دەربچێ‌و بچێتە چوارچێوەیێکی جیهانی‌یەوە . ئەمەش یەکەم‌جارە لە مێژووی کوردا ، مەسەلەی کوردو بزووتنەوە رزگاری‌خوازەکەی قەوارەیێکی جیهانی وەربگرێ .

بەدرخان پاشا لە ساڵی ١٨٢١دا کاری میرنشینی بۆتانی گرتەدەست ، هەموولایێك تەنانەت ناحەزەکانیشی دانیان بە هوشیاری‌و دووربینی‌و نیشتمان‌پەروەریەتی‌یا ناوە . هەر لەوڕۆژەوە کەوتە کارو بەکارهێنانی تاکتیکێکی تایبەتی ، بە سوودبینین لە لاوازی دەوڵەتی عوسمانی بۆ خۆکۆکردنەوەو بەرەبەرە رزگاربوون لە چنگی . لەم کارەی‌دا

دووربینی‌یێکی پێشاندا بەدەگمەن لەناو سەرۆکە کوردەکانی‌ترا بووە . هەستی نیشتمانی وای لێ نەکرد پەلە بکاو بە سەرگەرمی‌و هەڵەشەیی ئامانجە دوورو نزیکەکانی بە لەناوبردن بدا . ئامانجی کوردستانێکی سەربەخۆی دانا . بۆ هێنانەدیشی بناغەیێکی قایمی داڕشت ، واتە بزووتنەوەی رزگاری‌خوازی‌کوردی لە شێوەیێکی عەقڵی‌دەرهێنا ، دووربینی‌یەکەی وای‌لێ‌کرد هەست بەوە بکا کە میللەتی کورد بۆ ڕزگاربوون‌و سەرفرازی پێویستی بە دوو شتی گرنگ هەیە ، یەکەمیان ، یەکگرتنی هۆزە کوردەکان لەسەر ڕێ‌وشوێن‌و لە بەر رووناکی بیرو باوەڕێکی ڕوونی دیارکراو کە سەربەخۆیی کوردستان بوو ، دووەمیان ، دانانی دامودەزگایێکی دروست‌کردنی چەك‌و جبەخانە ، وە پشت‌بەستن تەنیا بە کوردو هێزو توانای تایبەتی خۆی ، ئەمە جگە لە ئاوڕدانەوەی ڕاستەقینە لە دۆخی زەحمەت‌کێشان‌و کەمە نەتەوەیی‌و ئایینی‌یەکانی کوردستان . لەئەنجامی تاقی کردنەوەو مێژووی گەلی کوردەوە ئەو ڕاستی‌یانەی بۆ ئاشکرا بوو . مێژووی گەلی کورد کە هەمیشە بریتی بوو لەوەی هۆزەکانی بە هاندانی ئەم دەوڵەت‌و ئەو دەوڵەت خەریکی یەکتر خواردن‌و بوونە سەربازو داردەستی ئەم‌و ئەو ، وە بۆ نیازی سوودو چاکەی لای‌تر خوێنی یەکتر ڕژاندن بوون .

بڕواکردن بە هەر دەوڵەتێك‌و پشت‌پێ‌بەستنی کارێك بوو بەئاشکرا دەرکەوتبوو کە هەموو دەوڵەتەکان بۆ سوودو بەرژەوەندی خۆیان ئامادەبوون لە هەموو کاتێك‌دا کورد بفرۆشن‌و پشتی تێ‌بکەن . لەبەرئەمە کۆششێکی زۆری کرد بۆ دانانی کارگەی چەك‌و جبەخانە . بە زۆر بە خوایشت کەوتە یەکخستن‌و ڕێکخستنی سەرەك عەشیرەت‌و میرە کوردەکان لەژێر سایەو دەسەڵاتی خۆی‌دا ، پیاوی دەناردە لای هەموو سەرۆکێك‌و داوای یەكگرتنی لێ دەکردن ، وە سەرفرازی کوردستانی بۆ کردن بە

دروشم ، بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستە ، پەیمانی پیرۆزی ، لەنێوان سەرۆکە کوردەکانا بەست ، پەیمانەکەی بە پیرۆز ناوبرد چونکە ئامانجەکەی کە سەرفرازی کوردستان بوو ئامانجێکی پیرۆز بوو(٧) .

میللەتی کورد لەو سەردەمەدا لەدەوری دەرەبەگیدا بوو ، دەرەبەگیش وەکو چینێك بەرژەوەندی خۆی دەخاتە سەرووی بەرژەوەندی میللەتو نیشتمانەوە بە ووشەو دروشمی پیرۆز نابزوێ ، بۆ ئەمجۆرە دەرەبەگ‌و سەرۆکانە چاوترساندنو هەڕەشەی بەکارهێنا . جا ئەم هەڕەشانە لەلایێك ، وە سیاسەتە بڕ لە مەترسی‌یەکەی دەوڵەتی عوسمانیش لەلایەك ، وای‌کرد ئەمانەش لابدەنە لای بەدرخان ، بەمجۆرە ژمارەیێکی زۆر لە سەرۆکە کوردەکان لەدەوری کۆبووتەوە . هەر بۆنموونە وەکو میر نوروڵڵای هەکاری‌و خان مەحموودی مەکس کە دوو میری زۆر گەورە بوون . ئەوەی گرنگ بێ ئەوەیە هەر سەرۆکەکانی کوردستانی عوسمانی نەبوون هاتنە ناو پەیمانی پیرۆزەوە ، بەڵکو میری ئەردەڵانی کوردستانی ئێرانیش هاتە ناویەوە . هاتنی میری ئەردەلان هەر مانای بەهێزبوونو فراوانی سنووری بزووتنەوەکەی نەدەدا ، بەڵکو ناوەرۆکێکی نوێی نەتەوایەتیشی پێ بەخشی ، بەوەی کە کوردستان یەك خاکەو میللەتی کوردیش یەك میللەتەو خاوەنی یەك ئامانجە ، جا با دابەش‌و پارچە پارچەش بێ . ئەمە گیانێکی نوێی کرد بە بەری بزووتنەوەی‌رزگاری‌خوازی گەلی کوردا ، وە تا ڕادەیێکی زۆر لە چوارچێوەی ناوچەیی‌و ئامانجی دەرەبەگایەتی دەری‌هێنا . برۆپاگەندەکردنیش بۆ بزووتنەوەکەو ووشیار کردنەوەی میللەت تەووژمێکی نوێی پێ‌بەخشی .

(٧) بۆ زانیاری‌ی‌تر لەم‌بابەتەوە ، سەیری «بلەچ شێرکۆ ، القضیة الکردیة ، القاهرة ، ١٩٣٠ ، ص٤٠-٤٢» بکە .

هیچ بزووتنەوەیێك ناچێتە ناو دڵو دەروونی میللەتەوە ئەگەر ناوەرۆکێکی کۆمەلایەتیو ئابووریشی نەبێ ، لەمڕووەشەوە بەدرخان کەمتەرخەمی نەکرد ، بەپێی توانا زەوی بەسەر جووتیارەکانا دابەش دەکرد ، باجو سەرانەی سەرشانیانی کەمکردەوە • هەر لەبەرئەمەش بوو لە زۆر ناوچەکانی کوردستانەوە خەڵکی دەهاتن بۆ ناوچەی بۆتان بۆ کارکردن(٨) •

بەدرخان پاشا جڵەوی ئاسایشی گرتەدەست ، بە بەڵگە باشترین نموونەی دایەدەست کە میللەتی کورد دەتوانێ زۆر بە باشی خۆی بەڕێوەبەرێ ، لە هەموو ئەو ناوچە فراوانەی لە ژێردەستی بەدرخانا بوو لە کوردستان ، ئاسایش بەجۆرێك ڕەگی داکوتابوو ، وە تەشەنەی کردبوو ، لە هیچ ناوچەیێکی‌تری دەوڵەتی عوسمانیدا بەچاو نەدەکرا • بوونی ئاسایش لە ناوچەکانی بەدرخان بووبوو بە نموونە ، دەووترا « منداڵ دەتوانێ بە دەستی پڕ لە زێڕەوە بە هەموو وولاتی بەدرخانا بڕواو نەترسێ »(٩) •

بێ‌گومان ئەمە نەك هەر بووە هۆی ئەوەی ناوی بەدرخانو بزووتنەوەکەی بەرەبسێنێ بەڵکو بووە هۆی ئەوەش ئەوەندەی‌تر فراوان بێو بڕوای میللەتی پێ زیاد بێ •

کارێکی هەرە گرنگی بەدرخان ئەوەبوو بە چاوێکی دۆستانەو برایانە سەیری کەمە نەتەوەیی‌یە ناموسوڵمانەکانی دەکرد وەکو ئاسووریو کلدانیو ئەرمەنەکان•باری سەرشانی لەڕووی باجو سەرانەوە سوككردن

---

(٨) ن•ئا خاڵفین ، خەبات لە ڕێی کوردستانا ، مۆسکۆ ، ١٩٦٣ ، ل٥٥ • «بە زمانی ڕووسی» •
(٩) سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٤ •

بگرە ئەو ئاتۆرە دەرەبەگی‌و کۆنەپەرستانەشی لەسەر لابردن کە لێیـان بووبوو بە تەوق • جاران دەبوایە دیان یا فەلەیێك لەسەر وولاًخیش بووایە بهاتایە خوواریٚ ئەگەر دەرەبەگیکی کوردی بدیایە • بە چاوی سووکەوە سەیر دەکران • بەدرخان پاشا ئەمانەی لابردو هاوسانی بەسەر هـەموانا سەپاندو بگرە هەتا هانی ژنو ژنخوازیشی لەنێوانی موسوڵمانو گاوورەکان دەدا • سەربەستی‌ی ئایینی‌یان هەبوو ، ئەوە بوو هەر لـە بۆتانا نزیـکەی هــەفتا بنەماڵەی گـاوور هەبوونو خـاوەنی کڵێسەی تایبەتی‌ی خۆیان بووون(١٠) • لەمەش گرنـگتر لـــە پرۆگرامـی بزووتـەوەکـەی‌دا بەدرخان‌پاشا دانی بە مافی ئەم کەمایەتی‌یانەدا ناو بەڵێنی خودموختاری‌یان درایێ دووای دەست‌خستنی سـەربەخۆیی کوردستان(١١) • ئەمـــە بزووتنەوەکەی تەواو لەڕووی ناوەرۆكو مرۆڤایەتی‌یەوە بەرەو پێشەوە بردو ڕوخساریکی تەواو پێشکەوتووی دایەو هەر لەبەرئەمەش بوو ئـەو میللەتانە لەدەوری بزووتنەوەکە کۆبوونەوەو بەدرخانیان بە ســەرۆکی خـــۆیان دانا(١٢) • ئەمـــەش خۆی لـــە خۆی‌دا باشترینو ڕاسترین بەڵـگەیە بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو ووتە ناڕاستانەی لەلایەن ناحەزەکانی بزووتنەوەکەی بەدرخانەوە وەکـو ئیمپریالیستەکـانو کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی دەخرانە تەك بزووتنەوەکەی‌بەدرخـان بـەوەی گوایا دژی دیانەکان بێ •

کە بەدرخان لە خۆئامادەکردنا گەیشتە‌ئەم ڕادەیە دەوڵەتی عوسمانی تەواو ترسا ، ویستی بە دەم‌چەورکردن ڕێبازی خەباتەکەی بگۆڕێ بەڵام

(١٠) سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٥ •

(١١) ئارشاك سافراستیان ، مێژووی کوردو کوردستان ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل٣٦ «گۆڕینی لـە ئینگلیزی‌یەوە بۆ کوردی ـ عەبدوڵلا شالی » •

(١٢) سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٦ •

سەرنەکەوت • هەولیدا بە فروفێڵ لەناوی بەرێ ، بەلام بەدرخان پاشا لە ناپاکیەتی کاربەدەستانی عوسمانی شارەزایی پەیدا کردبوو • دەسەلاتی بەدرخان پاشا هەتا دەهات پەرەی دەسەند ، ناوچەیێکی فراوانی کوردستانی گرتەوە ، هەر لە خوارووی گۆمی وانەو ڕۆژهەلاتی ئێرانەوە هەتا دیاربەکرو مووسڵ بەدەست بەدرخانەوە بوو ، جا کە هیچ شتێك لە ڕێزەی بەدرخان پاشا نەهات نانەوەی دوژبەرەکی ئاینی نێوان کوردو ئاسووری یەکان بوو بە باشترین ڕێگە بۆ لێدانی بەدرخانو بزووتنەوەی رزگاری خوازی کورد • بە هەموجۆر کەوتنە هاندانی ئاسووری یەکان ، ئیمپریالیستەکانیش بەتایبەتی بەریتانیا لە ڕێی میسیۆنێرە ئاینی یەکانیانەوە بەگەرمی چوونە پاڵ دەوڵەتی عوسمانیو کەوتنە هاندانی ئاسووری یەکان کە بەدرخانیش دەستی لێیان وەشاند لەپێش هەموانەوە دەنگی ناڕەزایی یان بەرزکردەوەو داوای لێدانی بەدرخانیان کرد ، چونکە باشترین هەلیان بۆ هەلکەوت بەدرخانو بزوتنەوەکەی تێدا لەناوبەرن • لەمڕووەوە لازاریێف دەنووسێ : ئینگلیزەکان ئاسووری یەکانیان هانداو هەر خۆشیان کەوتنە گلەیی کردن لای دەوڵەتی عوسمانیو داوای سزادانی بەدرخانیان کرد(١٣) •

ئاسووری یەکان بەدرۆو دەلەسەی ئیمپریالیستەکان هەلخەلەتانو لە ڕووی بەدرخانپاشادا ڕاستبوونەوەو ڕازی نەبوون بەوەی باجو سەرانەی بەدەنێ وەکو جاران دەیاندایێ •

هەموو بزووتنەوەیێك لەپێش هەموو شتێکەوە لەناوەوە خۆی

---

(١٣) لازاریێف ، ل٢٧ •

« بێ گومان سۆن ئەم تاوانە هەر دەخاتە ملی دەوڵەتی عوسمانی و ناوی بەریتانیا نابا کە دەورێکی بالای لەم بەندگێڕانەدا دێ»

گۆدەکاتەوەو لە دوژمنی پاك دەکاتەوە ، مەترسی دوژمنی ناوەوە هەمیشە لە دوژمنی دەرەوە کوشندەترە . سەرۆك‌و کاربەدەستانی ئاسووری‌یەکانی هەکاری بە هاندانی دوژمنەکانی هەردوو لا کە ئیمپریالیستەکان‌و عوسمانی‌یەکان بوون هەڵخەڵەتان‌و چاویان پۆشی لە چاکەو سوودی برایەتی‌و ئەو دوواڕۆژەی دەستیان‌دەکەوت ئەگەر بزووتنەوەکەی بەدرخان پاشا سەربکەوتایە ، لەمەش‌دا هەست‌و هوشی ئایینی دەورێکی باڵای دی ، بەمە خۆیان خستە ڕیزی دوژمنانی بزووتنەوە رزگاری‌خوازەکەی بەدرخانەوە ، لەمەش‌دا هەر ڕەش‌وڕووتەکانیان زیانیان پێ گەیشت ، بەدرخان پاشاش بەرەنگارکردنیانی بە کارێکی نیشتمانی سەرشانی دادەنا ، ئەگینا هەستی ئایینی ئەو دەورەی نەبوو . سۆن لەم‌ڕووەوە دەڵێ : تورکەکان ئاسووری‌یەکانیان هان‌دا ، دووایی بەدرخان پاشاشیان هان‌دا تۆڵەیان لێ بسێنێتەوە بەو مەبەسەی لەناویان‌بەرێ ، ئەگینا میللەتی کورد قەت ڕۆژێ لەڕۆژان خراپەی دژی دیانەکان نەکردووەو بگرە بەپێچەوانەوە دۆست‌و هاوڕێ بوون(١٤) .

بەلای بەدرخانەوە مەسەلەکە ئایین‌و ئاسووری نەبوو بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە چاوی لە دوژمنێك نەدەپۆشی ، کورد بوایە یا ئاسووری ، گوایا هەر لە سەرەتای بزووتنەوەکەوە بە چاوترساندن‌و دەست‌وەشاندن ، ئەو سەرۆکە کوردانەی سەرشکێن نەکرد کە لایان‌نەدەدایە لای بزووتنەوەکەی‌و سەرکێشی‌یان دەکرد ؟ بەڵێ ! ڕاستە بەدرخانیش بەتوندی دەستی لێ وەشاندن ، هەموو جۆرە ناکۆکی‌یێك لەم‌بابەتە لە کوردستانا بەئاشت‌بوونەوە بڕاوەتەوە ، بەڵام ئەمجارە کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی‌و ئیمپریالیستەکان ئاگری ناکۆکی‌یەکەیان

(١٤) E.B. Soane, To Mesopotamia and Kurdistan in disguise, 2nd., London, 1926, p. 156.

خۆش‌ده‌کردو وازیان نه‌ده‌هێناو له‌ناوه‌وه‌و له‌ده‌ره‌وه‌ش پڕۆپاگه‌نده‌یه‌کی تیژی فراوان دژی به‌درخان پاشاو بزووتنه‌وه‌که‌ی کرا • مه‌سه‌له‌ی ئاسووری‌یه‌کانیان کرد به‌ کراسه‌که‌ی عوسمان ، به‌و نیازه‌ی ناوی به‌درخان پاشاو بزووتنه‌وه‌ی رزگاری‌خوازی کورد بزڕێنن ، بگره‌ توانیشیان ڕای گشتی‌ی جیهانی لێ ڕاست‌بکه‌نه‌وه‌ ، پیلانه‌که‌ له‌لایه‌ن ئیمپریالیستی به‌ریتانیاوه‌ دانرابوو • به‌ریتانیا ڕازی نه‌ده‌بوو سه‌رۆکێکی به‌توانای وه‌کو به‌درخان بتوانێ میلله‌تی کورد له‌ خۆی کۆبکاته‌وه‌و بزووتنه‌وه‌یه‌کی وا ریکوپێك‌و به‌هێزو خاوه‌ن ئامانج له‌کایه‌دا بێ ، ئه‌گه‌ر یه‌ك ئاسووری خوێنی‌بڕژایه‌ به‌ریتانیا ئه‌مه‌ی هه‌ر ده‌کرد • ئیمپریالیستی به‌ریتانیا له‌گه‌ڵ ده‌وڵه‌تی عوسمانی‌دا یه‌ك‌بوو بۆ له‌ناوبردنی بزووتنه‌وه‌که‌ ، ئه‌م کاره‌شی به‌ ده‌وڵه‌تی عوسمانی سپارد ، بۆئه‌وه‌ی تاوانی خوێن‌ڕشتنی کورد نه‌چێته‌ ئه‌ستۆی ، وه‌ بۆئه‌وه‌ش نه‌ك هه‌ر کورد ، به‌ڵکو ده‌وڵه‌تی عوسمانیش ئه‌وه‌نده‌ی‌تر لاوازبێ‌و به‌وه‌ بتوانێ پیلانه‌کانی له‌ ئیمپراتۆریه‌تی عوسمانی‌دا به‌رێته‌سه‌ر •

په‌لاماردانی ئاسووری‌یه‌کان له‌لایه‌ن به‌درخانه‌وه‌ بوو به‌ بیانوویه‌ك بۆ ده‌وڵه‌تی عوسمانی به‌ سوپایه‌کی زۆره‌وه‌ هێرش به‌رێته‌ سه‌ر به‌درخان • شان‌به‌شانی ئه‌وه‌ش ڕۆژنامه‌کانی ئه‌وروپاو بگره‌ هه‌تا چه‌ند نووسه‌رێکیش که‌وتنه‌ ناوزڕاندنی به‌درخان پاشاو بزووتنه‌وه‌ ڕزگاری‌خوازه‌که‌ی ، ئه‌وه‌تا لایارد ده‌نووسێ : کاربه‌ده‌ستانی عوسمانی دووایی توانی‌یان ده‌ره‌قه‌تی ئه‌م یاخی‌بووه‌ بێن که‌ جاره‌های جار سه‌رکێشی له‌ ڕووی ده‌وڵه‌تا ده‌کرد • به‌درخان‌و عوسمان پاشای سه‌رکرده‌ی هێزی سوپای رێك‌که‌وتن‌و به‌درخان خۆی دا به‌ده‌سته‌وه‌ • کاربه‌ده‌ستانی تورك پاوانه‌ به‌ڵێنه‌که‌ی خۆیان بردە‌سه‌رو به‌درخان پاشایان به‌ده‌ست‌به‌سه‌ری نارده‌ دورگه‌ی کاندیا

(شوێنێکەدەکەوێتە دووڕکەی «کریتەوە) • ئەم سزایە کەلێ کەمتر بوو لەوەی لەسەر تاوانەکانی هەلیدەگرت(١٥) •

گومان لەوەدا نییە کە مەسەلەی ئاسووری‌یەکان زیاد لە پێویست زل‌کراو ئەمەش تەنیا بۆ نیازو مەبەسی ئیمپریالیستو کۆنەپەرستەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوو ، سەرۆکەکانی کورد لەترسی ئەوەی دووارۆژی بزووتنەوەکە نەکەوێتە مەترسی‌یەوە پەلاماری ئاسووری‌یەکانیان‌داو لەمەشا کورت‌بینی‌یان کرد ، سەرۆکە ئاسووری‌یەکانیش ساویلکانە بە پیلانی ئیمپریالیستەکان هەلخەلەتانو ئەوانیش دلڕەقی‌یان پیشان‌دا ، ئەوەتا یەکێك لە بەدیل‌گیراوەکانیان کە مەلەك ئیسماعیلی ناوە دانی بەوەداناوە کە بیست کوردی کوشتووەو برینداربوونەکەی نەبووایە زۆرتریشی دەکوشت(١٦) •

مەسەلەی ئاسووری‌یەکان خرایە قەوارەیێکی‌ترەوەو تەواو زل‌کرا ، ئەگینا لە ڕۆژانی ڕابردوو و نوێدا کەلێك ڕووداوی لەمە خوێناوی‌تر ڕوویداوەو باسیش نەکراوەو گەورەش نەکراوە • هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کە شارستانیەت گەلێك پێشکەوتووتر بوو لە ڕۆژانی بزووتنەوەکەی بەدرخان کەچی میللەتانی بەلقان کە دژی دەوڵەتی عوسمانی هەلسان کوشتارێکی بێ‌ژمارەیان لە موسولمانەکان کرد • بێ‌دەنگی ئەورووپاش گەیشتە ڕادەیێك هەتا یەکێك لە ڕۆژنامەنووسەکانی بەریتانیا نامەیێکی بۆ ڕۆژنامەیێکی بەریتانی نووسی تیایا دەلێ : ئەگەر ئەو دەنگوباسی کوشتارەی پێم گەیشتووە ڕاست بێ ، وە هیچی‌واش نی‌یە بەدرۆیابخاتەوە ، ئەم کوشتارەی لەم سەدە نوێ‌یەدا بە ناوی گاووری‌یەوە ئەکرێ ، وە ئەم بێ‌دەنگی‌یەمان

---

(١٥) A. H. Layard. Nineveh and its remains, Vol. 1, London, 1850, p. 783.

(١٦) سەرچاوەی پێشوو ، ل١٨٨ •

لەمڕووداوانە هەموو موسوڵمانمان لێ دڵگیر دەکا ، چونکە دەزانن ڕۆژی خۆی چیمان کرد کاتێك کوردەکان یان ئەڵبانی‌یەکان چەند گاورێکیان کوشت(١٧) •

بالیۆزی بەریتانیا بەتوندی ناڕەزایی دەربڕی‌و بەڕەسمی داوای لە دەوڵەتی عوسمانی کردو فەرەنسەش لەمەدا پشتی گرت ، کە نووتی بەدرخان بشکێنێ‌و ئاسووری‌یەکان بپارێزێ ، بەمجۆرە وەکو لازاریێف دەنووسێ : « میللەتانی کوردستان یەکەم دەرسیان لە دەست‌خستنە ناوەوەی دەوڵەتە ئەورووپایی‌یەکانەوە وەرگرت(١٨) » • دەولەتی عوسمانیش بۆ هەلێکی‌وا دەگەڕا هەتا تاوانی کورد کوشتنی نەخەنە ئەستۆ ، سوپایێکی بێ‌ژماری ناردە سەر بەدرخان ، بەمجۆرە بزووتنەوەکەی بەدرخان گەیشتە پلەی خەباتی چەکدار بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی گەلی کورد ، ئەو خەباتەی سێ ساڵ بەردەوام بوو (١٨٤٣ – ١٨٤٧) • لە یەکەم هێرش‌دا عوسمانی‌یەکان شکان‌و بەدرخان پاشان هەنگاوێکی ئازایانەی هەڵهێناو بانگی سەربەخۆیی کوردستانی‌دا(١٩) • بەڵام بەهۆی خەیانەتی یەزدان شێری سەرکردەی هێزیکی گەورەی بەدرخانەوە سوپای عوسمانی توانی ئەو ڕاپەڕینە مەزنە بکوژێنێتەوە(٢٠) •

---

(١٧) الدكتور علي الوردي ، لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث ، ج٣ ، بغداد ، ١٩٧٢ ، ص١٥٤ •

(١٨) لازاریێف ، ل٢٧ •

(١٩) محمد امين زكي ، ص٢٥٢ •

(٢٠) سەرچاوەکان‌بۆ سەرەتاو کۆتایی بزووتنەوەکەی بەدرخان هەندێ جار یەکتری ناگرن ، لەبەرئەوە بەپێی پاسەکەو بەکارهێنانی سەرچاوەکان ساڵەکان لەوێ چۆن نووسراوون ، ئێمەش هەروەکو خۆی تۆمارمان کردووە •

سەرچاوەکان

(١) ڕۆژنامەی کوردستان ، کۆکردنەوەو پێشەکیی دوکتۆر کەمال فوئاد ، بەغدا ١٩٧٢ .

(٢) محمد امين زكي ، خلاصة تاريخ الكرد وكردستان ، ترجمة محمد علي عوني : القاهرة ١٩٣٩ .

(٣) س.هـ.لونكريك . اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث ، ترجمة جعفر خياط ، الطبعة الثالثة ، بغداد ١٩٦٢ .

(٤) ف.ف.مينورسكي ، الاكراد ـ ملاحظات وانطباعات ، ترجمة وتقديم وتعليق الدكتور معروف خزندار : بغداد ١٩٦٨ .

(٥) م.س. لازاریێف ، کوردستانو مەسەلەی کورد ، مۆسکۆ ، ١٩٦٤ (بە ڕووسی) .

(٦) د.شاكر خصباك . المسألة الكردية ، بغداد ١٩٥٩ .

(٧) بلەج شێرکۆ ، القضية الكردية ، القاهرة ١٩٣٠ .

(٨) ن.ئا . خالفین ، خەبات لەڕێی کوردستان ، مۆسکۆ ١٩٦٣ ، (بە ڕووسی) .

(٩) ئارشاك سافراستیان ، مێژووی کوردو کوردستان : گۆڕینی لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی : عەبدوڵڵا شاڵی ، سلێمانی ١٩٦٠ .

(١٠) الدكتور علي الوردي ، لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث جـ٣ ، بغداد ١٩٧٢ .

نووسەرو بەرهەمەکانی :

ـــ ساڵی ١٩٣٣ لە شاری سلەیمانی لەدایکبووە •

ـــ قوتابخانەی سەرەتایی‌و سانەوی لەوێ تەواوکردووە •

ـــ ساڵی ١٩٥٦ ـ ١٩٥٧ لیسانسی لە جوغرافیا لە (دار المعلمین عالی) ئیستە (کۆلێجی پەروەردە) وەرگرتووە •

ـــ لەوساوە هەتا مارتی ساڵی ١٩٦٠ مامۆستا بووە لە سانەوی سلەیمانی •

ـــ لە نیسانی ساڵی ١٩٦٠دا بۆ تەواوکردنی خوێندن چوو بۆ وولاتی یەکێتی شوورەوی • لە ئامۆزگای روژهەلاتناسی لە شاری لێنینگراد بوو بە قوتابی دکتۆرا •

ـــ لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٣دا شەهادەی دکتورای لە مێژووی نوێی کوردا وەرگرت •

ـــ لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٤ەوە هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٦٦ ، بوو بە باحیسی عیلمی لە ئامۆژگای رۆژهەلاتناسی لە شاری لێنینگراد •

ـــ کۆتایی ساڵی ١٩٦٦ گەرایەوە نیشتمان‌و بوو بە باحیسی عیلمی لە وەزارەتی کاروباری ژووروو •

ـــ لە ساڵی ١٩٧٠ەوە بوو بە مامۆستا لە بەشی کوردی کۆلیجی ئەدەبیات •

ـــ لە مارتی ساڵی ١٩٨١ خانەنشین کرا • لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣دا گەرایەوە وەزیفەو کرا بە خەبیر لە کۆری زانیاری بەشی کوردی •

بەرهەمەکانی :

(١) لەمەیانی چیرۆکدا :

١ ـ دە چیرۆک : بەغدا ١٩٦٩ .

٢ ـ خۆری ئاوابوو : دە چیرۆکە ، بەغدا .

٣ ـ راوەبەران : دە چیرۆکە ، بەغدا .

٤ ـ نیوەنگاو دوور لە دۆزەخ ، دوانزە چیرۆکە ، بەغدا . ١٩٧٩ .

٥ ـ پێنج تابلۆی شێواو : دە چیرۆکە . لە ژێر چاپدایە .

٦ ـ گەلێك چیرۆکی‌تر چاوەروانی دەرفەتێکی بڵاوکردنەوەن .

(٢) لە مەیانی مێژوودا :

١ ـ شۆڕشی ئاگری‌داغ (بە ناوی کاکەی ڕێبوارەوە بلاوی‌کردۆتەوە) سلەیمانی ١٩٦٠ .

٢ ـ مێـــژووی حوکمدارانی بابان . توفیق قەفتـــان لـە فارسیەوە کردوویەتی بـــە کوردی . سـەرلەنوێ نووسینەوەو دارشتن‌و تەعلیقی نووسەر .

٣ ـ بزووتنەوەی رزگاری کورد لە شـەری گێتی یەکەمـەوە تا کۆتایی شەری گێتی دووەمم . (ئەترووحەکەیەتی) . هێشتا دەست‌نووسە.

٤ ـ (بزووتنەوەی رزگاری کورد لەدووای شـەری گێتی دووەممەوە)

ئەو کتێبەیە کـــە لەوماوەیەی باحیسی عیلمی بوو لـە لێنینگراد بۆ دانشگای رۆژهەڵاتناسی ئامادەکرد . هێشتا دەست‌نووسە .

(٣) لە مەیانی وەرگێراندا :

١ ـ کتێبی (ئەفسانەو رەمز) جـوبرا ئیبراهیم جوبرا لـە ئینگلیزیەوە کردوویەتی بە عەرەبی‌و نووسەریش کردوویەتی بە کوردی . لە

دەستگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوە چاوەڕوانی بڵاوکردنەوەیە •

٢ ـ (ئەفسانەی میللەتانی ڕۆژهەڵات) لە ڕووسیەوە کراوە بە کوردی، نیوەی یەکەمی لەژێر چاپدایە • (ئەمینداریتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان بڵاوی ئەکاتەوە) •

٣ ـ حیکایەتە گەورەکانی جیهانی • لە عەرەبیەوە کراوە بە کوردی لەلایەن دەستگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوە لەچاپ ئەدرێت و لەژێر چاپدایە •

٤ ـ (چیرۆکی هەڵبژاردە) ژمارەیەکی گەورەی چیروکی بەرمانای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە • لە دەستگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوە چاوەڕوانی بڵاو کردنەوەیە •

٥ ـ چوار چیرۆکی ئەفسانەیی گەورەی تاجیکی لە ڕووسیەوە کراوە بە کوردی • دووانیان بڵاوکراونەتەوەو دووانەکەی تریش بڵاوئەکرێنەوە •

٦ ـ (کوردستان و مەسەلەی کورد) نووسینی لازاریێف • کتێبێکی زۆر گەورەو بەنرخە، هەر پەراوێزەکانی بەکوردی (١٢٠) پەرەیە چەند ساڵە چاوەڕێی بڵاوکردنەوەیە •

٧ ـ (کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی)، نووسینی دکتور جەلیلی جاسم • لە ڕووسیەوە کراوە بە کوردی • لە دەستگای روشنبیری و بڵاوکردنەوە چاوەڕوانی بڵاو کردنەوەیە •

٨ ـ ڕاپەڕینی کوردەکان لە ساڵی ١٨٨٠دا • نووسینی دکتور جەلیلی جاسم • بەسەرهاتی شورشەکەی شێخ عوبەیدوللای نەهریە بەدەستەوەیەو بەم زووانە تەواو ئەبێت •

٩ ـ ووتارو شیعری لاوەکی • پێویست بە ناوهێنانیان ناکات •

پێرست

پێشەکی ٣

چەند سەرنجێك دەربارەی میرنشینی بابان ٧

ئەوڕەحمان پاشا لە تای تەرازوودا ٢٥

میرنشینی پاشا کۆرە ، هۆی بەرزبوونەوەو ڕووخانی ٤٣

لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزووتنەوەی بەدرخان پاشا ٥٩

له کتێبخانەی نیشتمانیدا لە بەغدا
ژمارە (٥٩٩)ی ساڵی ١٩٨٥ی دراوەتێ

الدكتور كاوس قفطان

دراســـات
في تاريخ بابان و سوران و بوتان

كتب مقدمتها
الدكتور كمال مظهر احمد

بغداد ـ ١٩٨٥

★ ★ ★

Dr. Kawus Qaftan

STUDIES
IN THE HISTORY OF
BABAN, SORAN AND BOTAN

Introduced by :
Dr. Kamal Madhar Ahmad

Baghdad - 1985

نرخی (٧٥٠) فلسه

مطبعة الحوادث ـ هـ ٤١٥٢٦٨٥